

ژان ژینێ        Jean Genet

# گەمەی پاقیژە

"کارەکەرەکان"

Les Bonnes

وەرگێڕانی لە سویدییەوە

**دلاوەر قەرەداغی**

ناوێ کتێب: گەمەی پاکییزە "کارەکەرەکان"
نووسەر: ژان ژینیێ
بابەت: شانۆنامە
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
وەرگێڕانی بۆ سویدیی: کاترین ئاهلگرێن

## تێبینییەکی گرنگ

دەمێک بوو شانۆنامەی (کارەکەرەکان) م لە فارسییەوە کردبووە کوردی. کاتێک بیرم لە چاپکردنی وەک کتێب کردەوە، بە باشم زانی کە لەگەڵ دەقە ئۆرگێناڵەکەیدا بەراوردی بکرێ. برای ئازیز کاک ئەحمەدی مەلا بە سوپاسەوە ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ. بەڵام بەم دواییە کاتێ وەرگێڕانە سویدییەکەی کارەکەرەکان بە تایتڵی (گەمەی پاقیژە) چاپ و بڵاوکرایەوە و بە وردی خوێندمەوە، سەرنجمدا کە تا ڕادەیەک جیاوازی لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکەی مندا هەیە. بۆیە بە پێویستمزانی هەمدیس ئەو وەرگێڕانە سویدییە بکەمە کوردیی بە تایبەتی کە پاشکۆیەکی لەگەڵدایە و بریتییە لە ڕێنوێنییەکی خودی ژان ژینێ سەبارەت بە ڕێوشوێنی نمایشکردنی ئەم تێکستە گرنگە. من وێڕای سوپاسی زۆرم بۆ کاک ئەحمەدی مەلا بۆ ئەو ئەرکەی کە لەگەڵ بەراوردکردنی شانۆنامەکەدا کێشای، بەشبەحاڵی خۆم ئەم وەرگێڕانەی کە ئێستا بڵاویدەکەمەوە، بە جوانتر و کوردیی تر و زیاتر بە جێگەی متمانە دەزانم. خوێنەر خۆیشی لەمیانەی خوێندنەوەی هەردوو وەرگێڕانەکەدا، سەرپشکە لەوەی کە هەرکامێکیانی پێ پەسەند بێ.

دلاوەر قەرەداغی

30 ی ئۆکتۆبەری 2007

## کارەکتەرەکان

* کلەیر
* سۆلانژ
* خانم

*ژووری خانم. کەلوپەلی زەمانی لویی پازدەیەم، لە پشتەوە پەنجەرەیەک ڕووبەڕووی خانووی بەرامبەر کراوەتەوە. لەلای ڕاستەوە تەختێکی نووستن، لەلای چەپەوە دەرگایەک و کومەدییەک. گوڵ لە هەموو شوێنێکدا، کات ئێوارەیە. سۆلانژ جلکێکی کورتی ڕەشی کارەکەریی لەبەردایە، جلکێکی ڕەشی تری کارەکەریی و گۆرەوی ڕەشی نایلۆن بە کورسییەکەوە هەڵدەواسێ و لەسەر کورسییەکەش جووتێک پێڵاوی پاژنە نزم دانراوە.*

## کلەیر

*ژێرکراسی لەبەردایە، وەستاوە و پشتی لەمێزی ئارایشتە. باسکی ڕایەڵ دەکا. ژێست و دەنگی بە شێوەیەکی زێدەڕۆ نائومێدانە و خەمینە*

ئۆف دیسانەوە ئەم دەستکێشە! ئەم دەستکێشە نەفرەتییە! خۆ پێمگوتیت کە لە ژووری موبەق دایاننێیت. دیارە لە خەیاڵی ئەوەدایت کە کابرای شیرفرۆشی پێ لە خشتە بەریت. نا … نا … درۆ مەکە… بێسوودە! برۆ لەسەر حاجەتشۆرەکە هەڵیانواسە. کەی تێدەگەیت کە نابێ ئەم ژوورە بە تفی تۆ گڵاو ببێ؟ برۆ دەرەوە و تۆپەڵە بەڵغەمەکانت لەگەڵ خۆتا بەرە! دە ئاخر ئێستا بەسە!

*لە کاتی دیالۆگەکەی کلیەردا، سۆلانژ بە جووتێک دەسکێشی حاجەت شتن گەمە دەکا، لە دەستە لەنێو دەسکێشنراوەکانی دەنۆڕێ کە گا دەێنوقێنێ و گا دەیکاتەوە تا وەک پەڕی باوەشێنێک پەنجەکانی بجووڵێنێ.*

شەرمەزار مەبە. هەرچییەک دەکەیت پەلە مەکە. کاتمان زۆر بە دەستەوەیە … دەی برۆ ..

*کوتوپڕ سۆلانژ ڕفتاری دەگۆڕێ، دەسکێشەکان بەسەرپەنجەکانی دەگرێ و بە سینگ فراوانییەوە دەچێتە دەرێ. کلەیر لای مێزی ئارایشتەوە دادەنیشێ. بۆنی گوڵەکان دەکا، دەست بە کەرەستەکانی سەر مێزەکەدا دێنێ، پرچی شانە دەکا، پۆدرە لە خۆی دەدا*

جلەکانم بۆ بێنە .. خێرا … کات کەمە … لێرە نین؟

*ئاورِدەداتەوە*

کلەیر! کلەیر!

*سۆلانژ دێتە ژوورەوە*

سۆلانژ

بمبوورن خانم، چای کەمۆمیل*ەکەی ... *چای کەمۆمیل بە چای کەمامیل گۆدەکا* خانمم لێدەنا.

کلەیر

جلکەکانی عەسرانم بۆ بێنە. کراسە سپییە پوولەکەدارەکە، باوەشێن و زمرود ...

سۆلانژ

خانم هەموو هەموو خشڵ و زێرەکانی دەوێن؟

کلەیر

بیانهێنە ... دەمەوێ لێیان هەڵبژێرم. *زۆر ساختەچییانە* پێڵاویش، بێگومان پێڵاوە لۆک و لەپێ نەکراوەکە ... ئەوەی کە ساڵانێکە دەستتان بە سەردا گرتووە.

*سۆلانژ چەند قوتوویەکی کلیلداری خشڵ و زێڕ لە گەنجینەیەک دەردێنێ، دەیانکاتەوە و لەسەر تەختەنوێنەکە دایاندەنێ*

دیارە بۆ بووکێنییەکەتتان دەوێ! ددان بەوەدا بنێن کە ئیغوای کردوون، کە زگی پڕکردوون... ددانی پێدانێن!

*سۆلانژ بە چیچکانەوە دادەنیشێ، تف لەپێڵاوەکان دەکا و دەیانسڕێ*

کلەیر پێشتر پێمگوتوون تف مەکەن. تفەکان لە خۆتانا هەڵگرن، هاورێی ئازیز .. لێگەرێن با ئەو تفانە لە نێو جەستەی خۆتانا بگەنێ، ئۆف، ئێوە زۆر دزێون. جوانکیلەکەم. دانەونەوە تا پێڵاوەکانم ببینن *قاچی درێژ دەکا و سۆلانژ سەرنجی دەدا* پێتانوایە

---

* جۆرە چایەکی بۆنخۆش و تیژە و تامێکی تاڵی هەیە. و.ک

مرۆڤ چ هەستێکی هەیە کاتێ پێوپلی بە لیک پۆشرابێ و بۆگەنی زۆنگاوی ناختان بچێت بە سەریدا؟

سۆلانژ

*لەسەر چۆک، زۆر سینگ فراوان* حەزدەکەم خانم جوان بنوێنن.

کلەیر

*خۆی لەبەردەم ئاوێنەکەدا رێکدەخات* ئێوە رقتان لێمە؟ وایە؟ ئێوە بەو هەموو بە تەنگەوەهاتن و سینگفراوانیی و گوڵەسۆسەن و reseda* یەتان تێکمدەشکێنن. *هەڵدەستێ و دەنگی نزمدەکاتەوە* لە خۆراییی گوڵ کۆدەکەنەوە. ئێرە گوڵی زۆر لێیە. ئیدی لە حەوسەڵە دەرچووە. *دیسان لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکات* من جوان دەبم. هێند جوان کە ئێوە هەرگیز ناتوانن وا بن. چونکە بەو سەروفەساڵەوە ناتوانن "ماریۆ" فریو بدەن. ئەم شیرفرۆشە هەزەلییە رقی لە ئێمەیە و خۆ ئەگەر زگی پڕ کردووین …

سۆلانژ

ئەیەرۆ، من هەرگیز ….

کلەیر

دەمت داخە گەلۆرا! جلەکانم بێنە!

سۆلانژ

*لە کەنتۆرەکەدا دەگەڕێ، چەند کراسێک دەردێنێ* ئەم کراسە سوورە. خانم ئەم کراسە سوورە دەپۆشن …

کلەیر

گوتم سپی، سپی پوولەکەدار.

سۆلانژ

---

* گوڵێکی گچکەی بۆنخۆشی زەرد یان سپییە، بە زۆریی لە ناوچەکانی زەریای ناوەراستدا دەڕوێت. و.ک

*ڕەق* ئەم ئێوارەیە خانم جلکە مەخمەڵە وەنەوشەییە سوورەکە دەپۆشن.

کلەیر

سافیلکانە بەڕاست؟ بۆچی؟

سۆلانژ

*سارد* ئاخر من نابێ مەمکەکانی خانمم لەژێر لۆچی جلکە مەخمەلییەکەیدا لەیاد نەبێ کاتێ کە هەناسە هەڵدەکێشن و لەبارەی دڵسۆزیی منەوە بۆ میسیۆ دەدوێن! جلکێکی ڕەش باشتر لە بێوەژنیتان دێ.

کلەیر

چیی؟

سۆلانژ

پێویست دەکا ئەوە ڕاڤەکەم؟

کلەیر

ئا ئا ... دەتەوێ بدوێیت ... ببوورە. هەڕەشەم لێبکە. سوکایەتی بە خانمەکەت بکە. تۆ دەتەوێ لەبارەی بەدبەختی میسیۆوە بدوێی، وایە؟ چەند گێلیت! ئێستا کاتێکی گونجاو نییە تا ئەوەت بیرخەمەوە، بەڵام ئەوە منم کە لەمەدا دەیبەمەوە... پێدەکەنیت؟ باوەڕم پێناکەیت؟

سۆلانژ

چ بیانوویەک نییە بۆ هێنانە پێشەوەی شتێکی ....

کلەیر

مەبەستت ئەوەیە من شەڕانگێزم؟ زۆر شەڕانگێز!

سۆلانژ

خانم ...

کلەیر

لە مەبەستتان تێدەگەم. من هەر لەسەرەتاوە گوێم لەورتەورتی تاوانبارکردنەکانتان بووا تۆ هەر لەسەرەتاوە سووکایەتیت پێکردم و ئێستایش چاوەڕێی دەرفەتێکیت تا تف لەڕوخسارم بکەیت.

سۆلانژ

*ترسنۆکانە* خانم … خانم … هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوێ. گەر میسیۆ…

کلەیر

گەر میسیۆ لەزینداندانا بێ ئەوە بەهۆی منەوەیە! دەی بڵێ! تەنها ئەوە بڵێ! تۆ بێ پەردە دەدوێیت، دەی بدوێ. من بە نهێنی کار دەکەم، خۆحەشاردراو لەودیو گوڵەکانەوە، تۆ منت بۆ ناگیرێت.

سۆلانژ

خانم هەر وشەیەکی هاکەزایی بەهەڕەشە تێدەگەن! هەڵبەت خانم دەبێ بیریان بێت کە من کارەکەرم …

کلەیر

تەنها لەبەرئەوەی کە من خیانەتم لە میسیۆ کردووە و بەدەستی پۆلیسەوەم داوە بۆیە دەبێ من خۆم تەسلیمی تۆ بکەم؟ من دەبوو لەوە خراپتر بکەم. یان باشتر. پێتوایە کە من ئازارم پێوە نەکێشا؟ کلەیر، من دەستم ناچارکرد، گوێم لێبگرە، ناچارم کرد، ئارام و شێلگیر، بێ هەڵە و بەخەتێکی خۆش نامەیەک بنووسێت بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دۆستەکەم ڕەوانەی زیندان بکرێ. تۆیش لەبری ئەوەی پشتم بگریت، سوکایەتیم پێدەکەیت. تۆ دەڵێیت کە من بێوەژنم! بەڵام میسیۆ نەمردووە، کلەیر. میسیۆ لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان دەبرێ و ڕەنگە لە زیندانێکی دووری

وەک "گیویانا" سەردەربێنێ، بەڵام من، دوڵبەرەکەی، دێوانە لە عەزابدا، لەگەڵی دەڕۆم. دەچمە ڕیزی زیندانییەکان. شانازییەکەی لەگەڵدا بەشدەکەم. تۆ دەڵێیت من بێوەژنم. ئاخر کە شازادەکان پرسەیان هەبێت جلکی سپی دەپۆشن، کلەیر، ئاخۆ ئەوە نازانیت؟ تۆ ناتەوێت ئەو جلکە سپییەم بدەیتێ!

سۆلانژ

*سارد* خانم دەبێ ئەو جلکە ڕەشە بپۆشن.

کلەیر

*ساکار* با وابێ ... *توند* جلەکەکەم بدەرێ. ئۆه، من زۆر تەنیا و بێ هاوڕێم. لەچاوانتا دەیخوێنمەوە کە ڕقت لێمە.

سۆلانژ

من خۆشم دەوێن.

کلەیر

هەڵبەت هەر بەو جۆرەی کە بونیام خانمەکەی خۆی خۆش دەوێ، تۆیش خۆشت دەوێم و ڕێزم لێدەگرێت. هەروا لە وەسیێتنامەکەشمدا چاوەڕێی پاداشتێکم لێدەکەیت.

سۆلانژ

من هەر شتێ بکەم...

کلەیر

*بە گاڵتەجارییەوە* دەزانم. تۆ قەستتە فرێمدەیتە ناو ئاگرەکەوە. *سۆلانژ یارمەتی کلەیر لە پۆشینی جلەکەیدا دەدا* دایخەن، ئاوها توند ڕایمەکێشن، هەوڵمەدە شەتەکم بدەیت ... *سۆلانژ دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و لەبەرپێی کلەیردا چرچولۆچی جلکەکە ڕێکدەخات* پێمەوە مەنووسێن، هەنگاوێک بڕۆنە دواوە. وەک حەیوان بۆگەنتان لێدێ. ئەرێ ئەم بۆگەنە لەکوێوە دێ؟ شەوانە لەکام کونجی

بۆسارددا نۆکەرەکان تێتانەوە دەئاڵێن؟ کونج! پەناپەسار! ژووری کارەکەرەکان! ئازیز! بۆ ئەوەی مەزەندەی بۆگەنی ژووری کارەکەرەکان بکەم، لەوێدا ... *ئاماژە بۆ شوێنێکی ژوورەکە دەکا* لەوێدا دوو سیسەمی ئاسن لە هەرلای مێزێکەوە، کۆمەدییەک لەدارسنۆبەر و میحرابێکی بچکۆلەی پاکییزەی پیرۆز ... ڕاستە یان نا؟

سۆلانژ

ئێمە بەدبەختین. ئەمە دەمخاتە گریان.

کلەیر

ئا، دەی باشە. ئێستا واز لەباسکردنی نوێژەکانمان لەبەردەم پەیکەری لەگەچ دروستکراوی پاکیزەی پیرۆز و سوژدە بردنەکانمان دێنین، باسیٚ گوڵی کاغەزییش ناکەین ... پێدەکەنیٚ گوڵی کاغەزیی! چقڵی دەوەنی بەرەکەتدراو گوڵەکانی ژوورەکەی پیشاندەدا تەماشایەکی ئەم گوڵانە بکەن کە بە شانازیی منەوە پشکوتوون! کلەیر، من پاکیزەیەکی پیرۆزم و لە ڕادەبەدەر جوانم.

سۆلانژ

بێدەنگبن ...

کلەیر

و ئەو کەلێنە ئاوهاییەی پەنجەرەکە کە کابرای شیرفرۆش لێیەوە نیوەڕووت ڕێک بۆ سەر جێگای نووستنەکەتان دیٚ!

سۆلانژ

خانم بەهەڵەدا چوون، خانم ....

کلەیر

دەستتان لابەن! دەستتان بیرنەچێ! چەند جار گوتوومە کە دەستتان بۆنی حاجەتشۆرەکەی لێدێ.

سۆلانژ

کەوتن!

کلەیر

گوتت چی؟

سۆلانژ

*جلەکەی ڕێکدەخا* کەوتن. من خەریکم پلان بۆ کەوتنت دادەنێم...

کلەیر

لاچۆ هەی ساحیرە! *لەقەیەک بە پاژنەی پێی لە سۆلانژ دەدا. سۆلانژ کە خۆی گرمۆڵە کردووە، بە پشتدا دەگەڕێتەوە دوا*

سۆلانژ

دزا! من؟

کلەیر

گوتم ساحیرە. گەر دەتەوێ بگرێت ئەوا فەرموو بچۆ سەرەوە و فرمێسکەکانت بەرەو ژووری کارەکەرەکان بەرە. لەم ژوورەی مندا تەنها فرمێسکی خانەدانانە قەبوڵ دەکەم. لەوانەیە لە ڕۆژێکی جواندا دامێنی کراسەکەم بە فرمێسک برازێتەوە، بەڵام تەنها بەفرمێسکی زۆر گرانبەها ... دامێنی جلەکانم ڕێکخە هەی دەڵەقۆڕ!

سۆلانژ

خانم خۆی سەخڵەت دەکا!

کلەیر

ئەوە شەیتانە کە لە باوەشە بۆنخۆشەکەیدا سەخڵەتم دەکا. بەرز دەبمەوە، بە حەواوە دەشنێمەوە ... *پێ بە زەویدا دەکێشێت ...*

بەڵام من دەمێنم. ملوانکەکە؟ خێراکە، کاتمان کەمە. گەر کراسەکە زۆر درێژە ئەوا بە دەرزییەک هەڵیکە!

*سۆلانژ هەڵدەسێ و دەڕوا تاکو ملوانکەکە لە قوتوویەکی خشڵ و زێڕ دەربێنێ، بەڵام کلەیر زووتر ملوانکەکە هەڵدەگرێ. کاتێ دەستی کلەیر بەر دەستی سۆلانژ دەکەوێ، تۆقیوانە هەنگاوێک دەچێتە دواوە*

دەستتم لێنزێک مەکەوە ... قێزەوەنە نزێک کەویتەوە. خێراکە.

سۆلانژ

پێویست ناکا هێندەش پێی لێهەڵبڕن. چاوتان داگیرساوە. زۆر پێی لێهەڵدەبڕن.

کلەیر

گوتت چی؟

سۆلانژ

حەدوحدوود، هێڵ و ئاراستەی جیاواز. خانم. پێویستە ئێوە سنووری خۆتان بزانن.

کلەیر

کلەیر ... کچەکەم ئەرێ ئەوە باسی چ دەکەیت؟ دەتەوێ تۆڵە بکەیتەوە، وایە؟ هەستدەکەیت خەریکە ئەو ساتە نزیک دەبێتەوە کە پێویستە دەسبەرداری دەورەکەت بیت ...

سۆلانژ

خانم تەواو نایاب هەستم پێدەکەن. خانم ئاشکرام دەکەن.

کلەیر

تۆ هەست بەهاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەیت کە ئیتر کارەکەر نیت. تۆ ئیدی تۆڵە دەکەیتەوە. خۆت ئامادە دەکەیت؟ نینۆکەکانت تیژ دەکەیتەوە؟ کینە وەئاگات دێنێتەوە؟ کلەیر ... بیرت نەچێ. کلەیر تۆ گوێت لێمە؟ بەڵام کلەیر خۆ تۆ گوێم لێناگریت؟

سۆلانژ

*وەرس* گوێم گرتووە.

کلەیر

لەپێناوی مندا ... تەنها لەپێناوی مندا کارەکەر بوونی هەیە. لەمیانەی قیژە و جووڵانەوەکانمدا.

سۆلانژ

گوێم گرتووە.

کلەیر

*هاواردەکا* لەسایەی منەوەیە کە تۆ هەیت کەچی لەڕووشتدێ گرنگیم پێنەدەیت! کلەیر تۆ تێناگەیت کە بوون بەخانم، بوون بە هۆکاری کلکەسوورڕێی ئێوە چەند زەحمەتە! زۆر لەوە زیاتری ناوێت کە تۆ نەبیت. بەڵام من باشم، من جوانم و تەحەداتان دەکەم. نائومێدییەکەم وەک دوڵبەرێک جوانتری کردووم!

سۆلانژ

*بێزرخانە* دۆستەکەتان!

کلەیر

دۆستە بەدبەختەکەم یارمەتی نەجیبزادەیی من دەدات ... کچە گچکەکەم. من بۆ ئەوە گەورە دەبم تا سنووردار و کەڵلەییت بکەم. تا گشت فرتوفێڵەکانت بخەیتە کار. ئەمە جەژنە!

سۆلانژ

*سارد* ئیتر بەسە! پەلە بکەن. ئامادەن؟

کلەیر

ئەی تۆ؟

سۆلانژ

*یەکەمجار نەرم* من ئامادەم و منیش بێزاربووم لەوەی کەرەستەیەک بم بۆ ڕقی ئێوە. من ڕقم لێتانە، من ...

کلەیر

هێمنبەوە ... هاوڕێی بچکۆلە ... هێمن ... *بە مێواشی لە شانی سۆلانژ دەدا تاکو هێمنی بکاتەوە*

سۆلانژ

ڕقم لێتانە! قێزتان لێدەکەمەوە. ئیتر ئێوە نامترسێنن! بیر لە دۆستەکەتان بکەوە، لێگەڕێ با ئەو بتانپارێزێ. چونکە من ڕقم لێتانە! ڕقم لە هەناسەهەڵکێشانە دڵتێکهێڵێنەرەکانتانە. ڕقم لە سینەی .... عاجیتانە، لە ڕانی .... ئاڵتونیتان، لە پێوپوزی ... عەنبەریتان! *تف لە جلکە سوورەکە دەکا* ڕقم لێتانە!

کلەیر

*سەرسەرماو* ئۆو، ئۆو، بەڵام ....

سۆلانژ

*قسەکانی پێدەبڕێ* بەڵێ خانم، خانمی قەشەنگم. پێتانوایە هەر شتێکتان پێخۆش بێ، تا کۆتایی بیکەن؟ پێتانوایە دەتوانن دەست بەسەر جوانیی ئاسماندا بگرن و لێمی زەوتکەن؟ پێتانوایە بە هەڵبژاردنی عەتر و پۆدرە و بۆیەی نینۆک و ئاوریشم و مەخمەل و دانتێل دەتوانن لێمی زەوتکەن و کابرای شیرفرۆشم لێبکەن؟ ئیعتیرافکەن! ئیعتیرافکەن چیتان لەگەڵ کابرای شیرفرۆشدا کرد! جەستە تەندروستە گەنجەکەی هەوەستان هەڵدەسێنێ، وایە؟ سەبارەت بەمە لەگەڵ کابرای شیرفرۆشدا ئیعتیرافکە؟ چونکە سۆلانژ گوتان تێدەکا!

کلەیر

*دەم داچەقاو* کلەیر ... کلەیر!

سۆلانژ

چیی؟

کلەیر

*لەبەر خۆیەوە* کلەیر ... سۆلانژ ...کلەیر.

سۆلانژ

ئا، کلەیر. کلەیر گووتان تێدەکا! کلەیر لێرەیە، ڕۆشنتر لەهەر کاتێکی تر. پرشنگدار!

*زللەیەک لە کلەیر دەدا*

کلەیر

ئەیەڕۆ، کلەیر ... ئێوە ... نا!

سۆلانژ

هەڵبەت خانم وایدەزانی سەنگەری گوڵ دەتوانێ بیپارێزێ و فیداکارییەکان ڕزگاری دەکا. بیریان لە شۆڕشی کارەکەرەکان نەکردبۆوە. بەڵام ... خانم، ئێستا ئیدی شۆڕش گەرم دەبێ. شۆڕش دێت و تێکتان دەشکێنێ و داستانە دڵدارییەکانتان فش دەکاتەوە. ئەو زەلامە تەنها دزێکی بێکەڵکە و ئێوەش یەک ....

کلەیر

لێت قەدەغە دەکەم!

سۆلانژ

لێم قەدەغە دەکەیت! گاڵتە دەفەرموون! شتێ وا نابێ. خانم دەمامکەکەی لە ڕوخسار دەکەوێتە خوارەوە. ئاوێنەتان دەوێ؟

*ئاوێنەیەک بۆ کلەیر ڕادەگرێت*

کلەیر

*بەخۆشحاڵییەوە لەئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکا* چەند جوانترم! کلەیر مەترسی جوانم دەکا، لەکاتێکدا کە تۆ جگە لەتاریکیی هیچ شتێکیتر نیت ...

سۆلانژ

..... تاریکییەکی ئەهریمەنیی! دەزانم. لەمەوبەر ئەم قسەیەم گوێ لێبووە. من دەتوانم ڕوخسارتان بخوێنمەوە و دەزانم دەبێ چ بڵێم، من ئێستا ئیدی تا کۆتایی دەڕۆم. ئێمە لێرەدا ڕاوەستاوین، کارەکەرەکانتان ... دوو کارەکەری دڵسۆز! ئێوەیش جوانترین لەمیانەی بەسووک تەماشاکردنمانەوە. بەڵام ئێمە ئیدی لێتان ناترسین. ئێمە پێچراو و خوساوین لە هەڵم بوون و لە سادەیی خۆمان و لە ڕقهاتنەوەمان لە ئێوە. خانم ئێمە دەموچاوی خۆمان دەترشێنین ... پێمەکەنن ... نا، بەر لە هەر شتێک، بە وشکوبرینگیی زمانەکەم پێمەکەنن ...

کلەیر

بڕۆن!

سۆلانژ

بۆ خزمەتێکی تر خانم! من دەگەڕێمەوە بۆ موبەقەکەم. دەگەڕێمەوە بۆ لای دەسکێشە لاستیکەکانم و بۆنی دەمم. لای ئەو قرقێنە ئارامەی کە لە حاجەتشۆرەکەوە دێت. ئێوە گوڵی خۆتان هەیە و منیش حاجەتشۆری خۆم. من کارەکەرم. ئێوە لانیکەم ناتوانن سوکایەتیم پێبکەن. بەوەشەوە ئێوە ناتوانن یەک شت لەگەڵ خۆتانا بۆ بەهەشت بەرن. منیش زیاتر ئارەزوو دەکەم بۆ ئەوێ دواتانکەوم لەوەی کە بەردەوام بم بەم ڕقەی خۆمەوە ڕایەڵ بم. نەختێک پێبکەنن، پێبکەنن و خێرا بکەونە دۆعاکردن، دەی زووکەن! جوانکیلەکەم ... ئێوە ئیدی چ ڕێگەیەکی تری دەربازبوونتان نییە! *به دەستی کلەیردا دەکێشێ کە ئەو دەستی بەرز دەکاتەوە تا گەردنی بپارێزێ* دەستتان داگرن، ئەم گەردنە ناسکە وەدیاردەرخەن! ئاوها سەیرکە، مەلەرزن، مەترسن، من زۆر بەزوویی و بێدەنگ کارەکەم جێبەجێ دەکەم.

بەڵێ، من هەمدیس بۆ موبەق دەگەڕێمەوە، بەڵام لەپێشدا دەبێ ئەرکەکەی سەرشانم جێبەجێ بکەم.

*وا پێدەچێ سۆلانژ لەوەدابێ کلەیر بخنکێنێ. کوتوپڕ کاتژمێرێک زەنگ لێدەدا. سۆلانژ دەوەستێ. هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و بێزار گوێ ڕادەدێرن*

چ زوو؟

کلەیر

ئێمە دەبێ پەلە بکەین. هەر ئێستا خانم دێتەوە! *دەکەوێتە داکەندنی جلەکان* یارمەتیم بدە. کات بەم خێراییە تێپەڕی و تۆیش ئەوەی کە دەبوو بیکەیت نەتکرد.

سۆلانژ

*یارمەتی دەدا، خەمین* هەمیشە هەر ئاوهایە و ئەوەیش هەر خەتای تۆیە. قەت زوو ئامادە نابیت. منیش فریا ناکەوم کۆتاییت پێبێنم.

کلەیر

پێشەکییەکان کاتێکی زۆر دەبەن. سەرنج بدە ...

سۆلانژ

*جلەکان لەبەرخۆی دادەکەنێ* ئا لە پەنجەرەکەوە تەماشایەک بکە.

کلەیر

سەرنج بدە کە هێشتا کاتمان بەدەستەوە ماوە. کاتژمێرەکەم بەجۆرێکی وا کۆک کردووە کە کاتی کۆکردنەوەی هەموو شتێکمان لەدوای خۆمانەوە هەبێ.

*سست بەسەر تاک قەنەفەیەکدا دەکەوێت*

سۆلانژ

ئەم ئێوارەیە هەوا وەستاوە. تەواوی ڕۆژیش هەروا بوو.

کلەیر

ئا.

سۆلانژ

کلەیر ... ئەمەش ڕۆحمان دەردەکێشێت.

کلەیر

ئا.

سۆلانژ

ئێستا ئیتر کاتییەتی.

کلەیر

ئا. *بە سستی هەڵدەسێ* دەرۆم و چاکەی بۆ لێدەنێم.

سۆلانژ

لە پەنجەرەکەوە تەماشایەک بکە.

کلەیر

فریا دەکەوین. *دەموچاوی دەسرێ*

سۆلانژ

ئەوە هێشتا لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆتان دەکەن ... کلەیر، بچکۆلەکەم ....

کلەیر

من ماندووم.

سۆلانژ

*توند* لە پەنجەرەکەوە تەماشایەک بکەن. تۆ هێندە ناشیت کە هیچ شتێک لەجێگای خۆیدا نییە. منیش دەبێ جلکەکەی خانم بشۆم. *تەماشای خوشکەکەی دەکا* چیتە؟ ئێستا ئیتر هەڵبەت دەتوانیت ببیتەوە بە خۆت. بە ڕوخساری ئاسایی خۆتەوە. کلەیر، تکایە هەمدیس ببەرەوە بە خوشکم ...

کلەیر

من ئیتر تەواو پێمنەماوە. ئەم ڕووناکییە دەمکوژێ. پێتوایە دەرودراوسێ ...

سۆلانژ

ئەوە بە ئێمە چیی؟ ئومێدەوارم نەتەوێ ئێمە ..... لە تاریکیدا پەل بکوتین؟ پێڵوو لێکنێ، کلەیر پێڵوو لێکنێ. نەختێک بحەوێرەوە.

کلەیر

*جلکە ڕەشە کورتەکەی دەپۆشێت* ئۆو! هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێم گوتم ئیتر تەواوبووم. لەبەرئەوە بەزەییت پێمدا نەیەتەوە. هەوڵیش مەدە مامۆستایەتیم بەسەردا بکەیت.

*گۆرەوییە ڕەشەکان و پێڵاوە ڕەشە پاژنە نزمەکانی لەپێ دەکا*

سۆلانژ

من پێموایە تۆ دەبێ بحەوێیتەوە. بەر لەهەموو شتێک تۆ بەحەوانەوە دەتوانیت کۆمەک بکەیت*.

کلەیر

تێدەگەم، پێویست ناکا ڕوونیکەیتەوە.

سۆلانژ

با، من دەبێ ڕوونیکەمەوە. ئەوە تۆ بوویت دەستت پێکرد. بەوەی ئاماژەت بە کابرای شیرفرۆشدا. پێتوایە من لەوە حاڵی نەبووم؟ ئەگەر ماریۆ ...

---

* دەرهێنەر دەبێ سەرنج بدا کە ئەمە نابێ ببێتە سەرەسووڕییەکی ڕێکەوت لەسەر شانۆ. کارەکەرەکان و خانم لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکێ تر جێگۆڕکێ دەکەن، لە جۆرێک لە ماناهەڵگریی ئەندازەییدا. ناتوانم بڵێم چۆن، بەڵام ئەم ئەندازەییە ناکرێ لە ساکاریی " وەرە و بڕۆ " وە پێکبهێنرێت. دەکرێ بگوترێ کە ئەمە وەبیرخەرەوەی چۆنێتیی فڕینی مەلەکانە، وەیادهێنەرەوەی نوخشانەیە، وەک گیزەی هەنگ – ژیانزا – وەک ڕەفتار لای هەندێک لە شاعیران – مەرگزا. ژینیێ

کلەیر

ئۆه!

سۆلانژ

گەر کابرای شیرفرۆش ئێواران کاتێ یەکتر دەبینین دەمی هار بێت، ئەوا لەگەڵ تۆیشدا هەر وایە. بەڵام تۆ تا بڵێی بەختەوەر بوویت کاتێ...

کلەیر

*شان دەلەقێنێ* باشترە تەماشاکەن کە هەموو شتێک لەجێی خۆیدایەتی. بنۆڕە، کلیلی کەنتۆرەکە ئاوهایی بوو *کلیلەکەی پێدادەکا* میسیۆ گوتەنی ناکرێ لەسەر ئەم مێخەک و گوڵەسوورانە ....

سۆلانژ

*خرۆشاو* بەڵام ئێوە زۆر خۆشحاڵ دەبوون کە بتوانن جنێوەکانتان لەگەڵ...

کلەیر

... تاڵەمووی قژی یەکێک لەم کارەکەرانە بدۆزەوە ....

سۆلانژ

.... وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتیمان تێکەڵاو بکەن و ....

کلەیر

*گاڵتەجارانە* و ..؟ و ...؟ و .. چی؟ مەبەستت چییە؟ بڵێ مەبەستت لە چییە؟ ڕێوڕەسم؟ بەهەرحاڵ ئێستا کاتی ئەوەمان نییە بکەوینە بێنەوبەردە. ئەو، ئەو، هەر ئێستا ئەو دێتەوە. بەڵام سۆلانژ ئەمجارە بەگیری دەهێنین. تۆ چەند بەختەوەریت لەوێیت کاتێ دەزانێ دۆستەکەی دەسگیرکراوە. من بۆ تەنها جارێک کارێکی باشم کردووە. دەتوانیت ددان بەمەدا بنێیت؟ تۆ بەبێ من ... بەبێ نامەی تاواندانە پاڵەکەی من، هەرگیز ئەم

فەرتەنەیەی دۆستی کەلەپچە لە مەچەک و خانمێکی چاو بەگریانتان نەدەبینی. ئەو دەکرێ لە کودەتاکەدا بمرێ. ئەم بەیانییە بە زەحمەت دەیتوانی هەستێتە سەرپێ.

سۆلانژ

چ باشتر. دەک خۆزگە بمردایە! تا دواجار میراتییەکەم وەرگرتایە! مەزەندە بکە کە ئیتر پێم نەخستبایەوە ئەو هەورەبانە پۆخڵەوە، پێم نەخستبایەوە نێوان ئەو قورمساخ و کارەکەر و نۆکەرانەوە.

کلەیر

من ژوورەکەمانم خۆش دەویست، هەورەبانەکەمان.

سۆلانژ

ئێستا ئیدی خۆت ناسک مەکەوە. تۆ بۆیە وا دەڵێیت تا دژایەتی من بکەیت. من ڕقم لێیەتی. من هەر ئاوهای دەبینم، ڕووت و پۆخڵ. خانم گوتەنی فەقیرانە. بەڵام جا چییە، خۆ ئێمە خۆمان فەقیرین.

کلەیر

ئێستا ئیتر هەمدیس تێهەڵمەچۆوە. لەبری ئەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشایەک بکە. دەرەوە زۆر تاریکە، من هیچ نابینم.

سۆلانژ

لێگەڕێ بدوێم. لێگەڕێ دڵم بەتاڵکەمەوە. من هەورەبانەکەمانم خۆش دەوێ چونکە زۆر فەقیرانەیە و ناچارم دەکا تا فەقیرانە ڕەفتارکەم. نە پەردە کە هەڵبدرێتەوە، نە فەرش کە خەرامان خەرامان لەسەری بڕۆیت، نە قەنەفە کە نەوازش بکرێ … بەنیگا یان بە تەپوتۆز، نە ئاوێنە. هیچ شتێک ناچارمان ناکات تا جووڵانەوەی هەوەسبازانەمان هەبێ! *لاسایی جوولەیەکی کلەیر دەکاتەوە*

بەڵام خەمت نەبێ، تۆ لەزیندانیشدا هەر دەتوانیت درێژە بە بینینی ڕۆڵی شازادە بدەیت، هەر دەتوانیت دەوری ماری ئەنتوانێتەکەی خۆت ببینیت و شەوانە لەدەوروبەری ساڵۆنەکانا پیاسە بکەیت!

کلەیر

تۆ شێتیت! من هەرگیز لە دەوربەری ساڵۆنەکان پیاسەم نەکردووە.

سۆلانژ

*بە گاڵتەجاڕییەوە* کورە وا نەڵێی! خانباجی هیچ لەو ناوەدا پیاسەی نەکردووە! هیچ خۆی لە پەردە یان چەرچەفێکی دانتێلەوە نەئاڵاندووە ... هەر هیچ؟ قەت لە ئاوێنەدا بە خۆی سەرسام نەبووە، لەسەر بانیژەکە خۆی نەنواندووە و دەستی بۆ ئەو خەڵکانە ڕانەوەشاندووە کە هەر لەسەعات دووی بەیانییەوە هورروژم دێنن و لەپای پەنجەرەکەیدا ڕیز دەبەستن. تۆ هەرگیز وات نەکردووە، چیی، هەرگیز!

کلەیر

ئاخر سۆلانژ ...

سۆلانژ

دەرەوە بۆ چاودێریکردنی خانم زۆر تاریکە. هەڵبەت تۆ وادەزانیت کە لە دەرەوە لەسەر بانیژەکە نابینرێیت. وا دەزانیت من گێلم؟ هەوڵ مەدە هەڵمخەڵەتێنیت بەوەی گوایە بەدەم خەوەوە دەڕۆیت. ئێمە باش یەکتر دەناسین، باشترە لەبارەی ئەوەوە بدوێیت.

کلەیر

سۆلانژ، تکایە مەقیژێنە! کەمێک هێواشتر بدوێ! بۆی هەیە خانم لە هەرکاتێکدا بێ سرتە و بە ئەسپایی بێت ... *بەرەو لای پەنجەرەکە ڕادەکا و پەردەکە هەڵدەداتەوە*

سۆلانژ

پەردەکە دابەرەوە، قسەکانم تەواو، پێمخۆش نییە بەو جۆرە پەردەکە هەڵبدەیتەوە. جووڵانەوەکانت پەرێشانم دەکەن. دایبەرەوە. ئەو بەیانییەی میسیۆش دەسگیرکرا، کاتێ چاوەچاوی پۆلیسی بوو، هەمان ئەم کارەی ئێوەی کرد.

کلەیر

هەر جووڵەیەکی گچکە بەلای ئێوەوە جووڵەی پیاوکوژێکە کە هەوڵدەدا لە دەرکی موبەقەوە هەڵبێ. تۆ ئێستا باش دەترسیت.

سۆلانژ

ئا، گاڵتەم پێبکە، ئەی چیی! تۆ دەموروژێنیت. کەس خۆشی ناوێم! کەس ئێمەی خۆش ناوێ!

کلەیر

با، ئەو خۆشیدەوێین. ئەو باشە. خانم باشە! خانم خۆشی دەوێین.

سۆلانژ

وەک تاک قەنەفەکانی خۆشی دەوێین. گەر ئەو تۆزەشی لەدەست بێ! وەک ڕەنگی پەمەیی کورسی ئاودەستەکەی خۆشی دەوێین. وەک لەگەنی ناوگەڵ شۆرییەکەی خۆشی دەوێین. ئێمەیش، ئێمەیش تەنانەت ناتوانین یەکترمان خۆش بوێ. گوو....

کلەیر

*وەک بڵێیت نەختێک کۆڵی دابێ* ئۆو!

سۆلانژ

.... گووی خۆش ناوێت. تۆ وا دەزانیت من ڕەزامەندم بە بەردەوام بوون لەسەر ئەم تەمسیلە، تا پاشان شەوانە لەسەر سیسەمە قەفەسییەکەم خۆم گرمۆڵە بکەم. ئایا بە گشتی دەکرێ درێژە بەم گەمەیە بدرێت؟ من ئەگەر ئیتر تف نەکەمە کەسێک کە بە کلەیر بانگم دەکا، ئەوا ڕەنگە تۆپەڵە بەڵغەمەکان بمتاسێنن! فوارەی لیک پەڕی ئەڵماسینمە.

کلەیر

*هەڵدەسێ، دەگری* تکایە ... ناکرێ کەمێک هاوڕێیانەتر بدوێی... لەبارەی لایەنە باشەکانی خانمەوە بدوێ. خۆ ئەو لەبارەی خشڵەکانییەوە دەدوێ!

سۆلانژ

لایەنە باشەکانی! خشڵەکانی! کاتێ دەوڵەمەند و جوانیش بیت، ئەوا ئاسانە باش بیت، ئاسانە دڵڕفێنانە زەردەخەنە بتگرێ و چاوانت پرشنگ بدەن. بەڵام کەی بووە سەرحاڵ و شادومان بیت کاتێ کارەکەریت! دەبێ کارەکەرێک دڵی خۆی بەو جووڵانە خۆشکا کە لە کاتی گسکدان و حاجەت شتندا دەیانکا. تەپوتۆز لە هەوادا وەک باوەشێنێک بادەدا. بە جووڵەی نەرمونیان ئەرزەکە بە فلچە بسڕێ. یاخود وەک تۆ دەکا کە شەوانە شکۆی پیاسەیەکی مێژوویی لە سالۆنەکانی خانمدا بەخۆی ڕەوا دەبینێ.

کلەیر

سۆلانژ! ئیتر بیبڕەوە! بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ پێتوایە ئەمە لە تۆمەتەکانت باشترە؟ منیش دەتوانم شتی خراپتر لەبارەی تۆوە بڵێم!

سۆلانژ

تۆ؟ *بێدەنگییەکی تا ڕادەیەک درێژ* تۆ؟

کلەیر

بەڵێ ... گەر بمەوێ، لەبەرئەوەی کاتێ هەموو شتێک دەرکەوت و گوترا ....

سۆلانژ

هەموو؟ چی هەموو شتێک دەرکەوت و گوترا؟ ئەوە چییە کە هەوڵ دەدەیت بیڵێیت؟ ئەوە تۆ بوویت یەکەمجار لەبارەی ئەو زەلامەوە دووایت. کلەیر من ڕقم لێتە.

کلەیر

سوپاس ... منیش هەروەها. بەڵام من قەت نامەوێ بۆ ئەوەی هەڕەشەت لێبکەم کابرای شیرفرۆش بکەمە بەهانە.

سۆلانژ

هەر بەڕاست کێ هەڕەشە لە کێ دەکات؟ ها؟ ئێستا پاشەکشێ دەکەیت؟

کلەیر

دەی دەست پێبکە. یەکەم فیشەک بتەقێنە! سۆلانژ ئەوە تۆیت کە پاشەکشێ دەکەیت. تۆ تەنانەت زات ناکەیت بۆ خراپترین شتێکیش کە کردوومە، نووسینی نامەکە بۆ پۆلیس، تۆمەتبارم بکەیت. ژووری هەورەبانەکە لەو هەموو مسۆدەیە ... لە تەپۆڵکەیەک کاغەز پڕ ببوو. من جوانترین و ترسناکترین حەکایەتم هۆنییەوە و تۆیش لەزەتت لێبرد. دوێنێ ئێوارە کاتێ بووبوویتە خانم بەجلکە سپییەکەوە، لە شادومانییدا کەوتبوویتە هەوای خۆت. دەتتوانی خۆت ببینیت کە بە ئەسپایی سواری

کەشتی ئەو زیندانییانە دەبێت کە لە وڵات دەردەکرێن، سواری کەشتی ....

سۆلانژ

*وەک مامۆستا هەموو پێتەکانی ناوی کەشتییەکە حونجە دەکا* لا .. مار .... تێن... یر ....

کلەیر

ببوون و دوای میسیۆ، دوای دۆستەکەت کەوتبوویت.... و فەرەنسات جێدەهێشت. لەگەڵیدا بەرەو دوورگەی شەیتان، تا "گۆیانا" دەرۆیشتیت. چ خەونێکی خۆشە! لە سای سەری مندا، کە ئازایەتیی ئەوەم هەبوو ئەو نامە بێ ئیمزایانە بنێرم، تۆ توانیت مۆڵەتی ئەوە بە خۆت بدەیت ببیتە قەحپەیەکی نومرە یەک، ببیتە قەحپەیەکی لۆکسی ڕلستەقینە. تۆ بەختەوەربوویت بەوەی کە خۆت بکەیتە قوربانیی و خاچی چەتەیەک بکەیتە کۆڵ، نێوچەوانی بسڕیت، یارمەتی بدەیت و تەنانەت بۆ ئەوەی نەختێک وەزعی باشتربێت، خۆت بەدەست پاسەوانەکانی زیندانەوە بدەیت.

سۆلانژ

ئەی خۆت، خۆت کە هەر ئێستا باسی ئەوەت کرد دوای دەکەویت.

کلەیر

بەڵێ، من نکوڵی لەوە ناکەم. من حەکایەتەکەم لەو جێگەیەوە دەستپێکرد کە تۆ تەواوت کردبوو، بەڵام بەهەمان هەلاّیسانەوە نا. لەسەرەوە لە هەورەبانەکە و لەنێو ئەو هەموو نامەیەدا، شەپۆلی گەورەی ئاو جەستەتی خستبووە جۆلانە.

سۆلانژ

تۆ نەتدەتوانی خۆت ببینیت.

کلەیر

با چۆن، من دەتوانم خۆم لە ئاوێنەی ڕوخساری تۆدا تەماشا بکەم و ببینم کە قوربانییەکەمان چ ئاژاوەیەکی ناوەتەوە! ئێستا میسیۆ لەودیو قوفڵ و میلەکانی زیندانەوەیە. دەبێ ئێمە بەوە شادمان بین. لانیکەم ئیتر لە کۆڵ توانجەکانی بووینەتەوە. تۆیش دەتوانیت بە ئازادیی، باشتر خۆت بۆ خەونەکانت تەرخان بکەیت – لەسەر سینگی ڕاکشێیت و لەزەت بەریت، لەسەر ڕانی لیک بکەیت و لەهەر هەموو شتێکدا کە دەیکا، ستایشی بکەیت. شەپۆلی ئاو جەستەت دەخاتە جۆلانە! تۆ ئیدی خۆتت تەسلیمی کرد و خەریک بوو پەردەمان لەسەر هەڵماڵێ …

سۆلانژ

*توورە* چۆن؟

کلەیر

من دەبێ زەینت ڕۆشنکەمەوە. پەردەمان لەسەر هەڵماڵێ. بۆ ئەوەی  نامەکە بۆ پۆلیس بنووسم، پێویستم بەوە بوو ئەو شتە ڕوون بکەمەوە کە ڕوویداوە. ئەدی چیم کرد؟ ها؟ بیرت ماوە؟ هەر زۆر شاگەشکانە سووە هەڵگەڕابوویت. خەجاڵەت دەکێشیت! تۆ لەوێ بوویت کاتێ من بەنێو کاغەزەکانی خانمدا دەگەڕام و ئەو نامانەم دۆزینەوە.

*بێدەنگی*

سۆلانژ

ئەی دوایی چی ڕوویدا؟

کلەیر

ئۆف، ئەعسابم تێکدەدەیت! ئەی دوایی؟ ئا، دواییش دەتویست نامەکەی میسیۆ گل بدەیتەوە! هەتا دوێنێ شەو کارتێکی میسیۆم کە بۆ خانمی نووسیوە، لەژوورەکەمانا دۆزییەوە!

سۆلانژ

تووڕە بۆ تۆ هەمیشە ئاوها شتومەکەکانم دەگەڕێیت؟

کلەیر

ئاخر ناچار بووم.

سۆلانژ

مەبەستت لەوەیە کە ویژدانت هەیە ...

کلەیر

من وریام، نەک بێ ویژدان. کاتێ لەوێ لەسەر فەرشەکە کەوتبوومە سەر ئەژنۆ و دۆلاَبەکەم دەشکاند، ژیانی خۆم خستبووە مەترسییەوە تا چیرۆکێک بە وردەکاریی تەواو و پوختەوە بچنم، کەچی تۆ لەوکاتەدا جێتهێشتم – سەرخۆش بە خەیاڵی دۆستە تاوانبار و لە وڵات وەدەرنراوەکەت.

سۆلانژ

من ئاوێنەکەم دانا تا دەرگای دەرەوە ببینم. من حەرەسیاتم دەگرت!

کلەیر

ئەمە ڕاست نییە. من هەموو شتێکم دەبینی و ماوەیەکی زۆرە چاوم لەسەرتە. تۆ بەشێوەیەکی ئاسایی وریا بوویت و لە ژووری نان خواردن مابوویتەوە، ئامادەبوویت تا هەر کە خانم بێتەوە، بۆ موبەق تێبقوچێنیت.

سۆلانژ

کلەیر تۆ درۆ دەکەیت. من لە دالاَنەکە حەرەس بووم.

کلەیر

درۆیە! دەکرا خانم زۆر بە ئاسانی بمگرێت! بەڵام تۆ چ گوێت نەدەدایە ئەوەی لە کاتی گەڕان بەناو کاغەزەکاندا دەستەکانم دەلەرزین، تۆ ئیدی لە زەریادا بەڕێوەبوویت، بەسەر هێڵی ئیستیواوە سەوڵت لێدەدا...

سۆلانژ

*بە گاڵتەجارییەوە* ئەی خۆت؟ چییە دەڵێی لەزیندەخەونەکانت بێ ئاگایت! کلەیر، تۆ هەرگیز خەونت بە زیندانییەکەوە نەبینیوە! بەهەرحاڵ قەت خەونت پێوە نەبینیوە. دەی بڵێ! هەر لەبەر ئەوەش نەتداوەتە دەست عەدالەت – عەدالەت – چ وشەیەکی جوانە! بڵێ کە ئەو ڕۆڵی سەرەکی لە خەونە نهێنییەکانتا نەبووە.

کلەیر

من ئەوە زۆر باش دەزانم. من زۆر تێژبینترم لە تۆ. بەڵام ئەوە تۆ بوویت کە چیرۆکەکەت چنی. سەر با بدە. سۆلانژ بیرکەوە گەر بتتوانیبا خۆت بینیبا. لە دارستانە گچکەکەدا ڕوومەتەکانت بە هەتاو ئاگر دەگرن. ئێستایش دۆستەکەت خۆی بۆ هەڵاتن ئامادە دەکا. *بە تووڕەیی پێدەکەنێ* تەقەڵای چی دەدەیت! بەڵام تۆ دەکرێ ئارام بیت، من لەبەر ئەوە نییە کە ڕقم لێتە. خۆت دەزانیت بۆچی.

سۆلانژ

*دەنگی نزم دەکاتەوە* من لێت ناترسم. من دەزانم تۆ ڕقت لێمە و لە خەیاڵی ئەوەدایت خیانەتم لێبکەیت، بەڵام ئاگاداربە. ئەوە منم کە بە تەمەنترم.

کلەیر

بەتەمەنتر؟ جا ئەوە چ گرنگییەکی هەیە؟ ئەی بەهێزتر؟ تۆ دەمخەڵەتێنیت بۆ ئەوەی باسی ئەو بکەم تا ئیدی ئەو شتە نەبینم کە پێوەی خەریکیت. بەڵام ئیتر ئەمە بەسە! پێتوانییە کە من دەزانم؟ کە دەزانم تۆ هەوڵتدا بیکوژیت.

سۆلانژ

تۆمەتبارم دەکەیت؟

کلەیر

نکوڵی لێمەکە. هەڵبەت بینیمیت *بێدەنگییەکی درێژ* ... و ترسام. سۆلانژ ... ترسام. لەکاتی تەمسیلەکەدا من دەست بە گەردنمەوە دەگرم. کاتێ هەڵدەکوتیتە سەر خانم، هەوڵدەدەێت بمکوژیت. ئاخر ئەوە من دەبم کە ژیانم دەکەوێتە خەتەرەوە.

*بێدەنگییەکی درێژ. سۆلانژ شان دەلەقێنێ*

سۆلانژ

*شێلگیرانە* بەڵێ، هەوڵمدا. ئاخر دەمویست ئازادتکەم. چیتر تاقەتم نەدەهێنا. بە بینینی تەنگەنەفەس بوون و سوورهەڵگەڕان و رەنگ پەڕین و دارزانت لە تاڵوخۆشیی تۆری ئەم ژنەدا دەیخنکاندم! تۆ حەقتە لۆمەم بکەیت. ئاخر من زۆرم خۆشدەویستیت. گەر من بمکوشتایە ئەوا تۆ یەکەمین کەس دەبوویت کە ئاشکرات دەکردم. چ باکت لەوە نەدەبوو بمدەیتە دەست پۆلیس.

کلەیر

*مەچەکی دەگرێ* سۆلانژ ...

سۆلانژ

*خۆی ڕادەپسکێنێ* هەڵبەت ئەوە منیش دەگرێتەوە!

کلەیر

سۆلانژ ... خوشکی ئازیزم. خەتای منە. هەڵبەت هەر ئێستا دێتەوە...

سۆلانژ

من کەسم نەکوشتووە. هەر تەواوێک بە سادەیی من زاتم نەکرد. تێدەگەن. هەوڵی خۆمدا، بەڵام ئەو لە خەودا لای کردەوە. هێند ئارام هەناسەی دەدا کە چەرچەفەکە بەرز و نزم دەبۆوە – ئیدی خانم بوو!

کلەیر

بێدەنگبە.

سۆلانژ

جارێ نا. تۆ دەتەوێ بزانیت و منیش شتم زۆرە بیگێڕمەوە. تۆ دەبێ بزانیت خوشکەکەت چییە. چۆن خوڵقاوە. کارەکەرێک چۆن دروست بووە – من ویستم بیخنکێنم ...

کلەیر

بیر لەخودا بکەرەوە. بیر لەخودا بکەرەوە. بیر لەو دونیا بکەوە.

سۆلانژ

چش! من ئیدی لە کورسیلەی دوعا لەسەرکردن بێزار بووم. گەر منیش وەک ئابیدیسا*کان بۆم هەبایە لەسەر مەخمەڵی سوور یان وەک قەشەی گوناە هەڵرێژان ڕێک لەسەر ئەرزە بەردینەکە کڕنووشم بردبا، ئەوا ڕێزی خۆم نەدەدۆڕاند. بینیوتە ئەو چۆن عەزاب دەکێشێ، چەند جوان عەزاب دەکێشێ. غەم دەیگۆڕێ! کاتێ زانی کابرای دۆستی دزە، ئەوسا دژی پۆلیس وەستایەوە. پرشنگی دەدا. ئێستایش بەتەنیا جێهێڵراوە، بەڵام کارەکەرە وریاکانی چوونەتە ژێر باڵیی و هاوبەشی

* بەرپرسی ژنانی ڕاهیبە، سەرڕاهیبەی دەیر. و.ک

ئازارەکانین. هەڵبەت ڕوخساریت بینی؟ ئازار لە گڕی زێڕوزیوەکانیدا، لەئاوریشمی جل و لە شەوقی چلچراکانیدا دەدرەوشایەوە! کلەیر ... گەر بمکوشتایە، ئەوا ڕەنگە جوانیی تاوانەکەم لەگەڵ ساکاریی خەمەکەمدا ئاشتی بکردمایەوە. پاشان ئاگرم لە هەموو شتێک بەردەدا.

کلەیر

سۆلانژ، هێور بەرەوە. بۆی هەیە ئاگرەکە نەکەوتایەوە. ئەوسا دەیاندۆزیتەوە. هەڵبەت دەزانیت سزای ئەو کەسانە چییە کە ئاگر دەخەنەوە.

سۆلانژ

هەموو شتێک دەزانم. چاو و گوێم هەردووکی بە کونی دەرگاکانەوە ناوە. من لەهەر کارەکەرێکی تر زیاتر لای دەرگاکانەوە ڕاوەستاوم و گوێم هەڵخستووە. من هەموو شتێک دەزانم. ئاگرخەرەوە! چ نازناوێکی کاریگەرە!

کلەیر

بێدەنگ. تۆ دەمتاسێنیت. وا دەخنکێم. *دەیەوێ پەنجەرەکە بکاتەوە* با تۆزێک هەوا بێتە ژوورەوە!

سۆلانژ

*شڵەژاو* دەتەوێ چی بکەیت؟

کلەیر

بیکەمەوە.

سۆلانژ

تۆیش؟ منیش دەمێکە هەست دەکەم کە خەریکە دەخنکێم! دەمەوێ ئەم گەمەیە لەبەردەمی هەمووان‌دا نمایش بکەم، لەسەر

سەربانەکان و لەسەر جاددە حەقیقەتی خۆم بەدەنگی بەرز بڵێم و وەک خانم .....

کلەیر

بێدەنگ. من مەبەستم لەوە بوو ...

سۆلانژ

حەقی خۆتە، جارێ زۆر زووە. حەقت بەسەر پەنجەرەکەوە نەبێ. دەرگای موبەق و هۆڵەکە بکەوە. *کلەیر هەردوو دەرگاکە دەکاتەوە* برۆ بزانە ئاوەکە کوڵاوە.

کلەیر

بەتەنیا؟

سۆلانژ

کەواتە ئارام بگرە، چاوەڕێ بکە تا ئەو دێتەوە! هەر ئێستا بە پاڵتۆ پێستەیی و مرواری و فرمێسک و زەردەخەنە و ئاه و هەموو شتە نازەنینەکانییەوە دێتەوە.

*زەنگی تەلەفۆن لێدەدا. دوو خوشکەکە گوێ رادەدێرن*

کلەیر

*لەسەر تەلەفۆن* گەورەم؟ گەورەم ئێوەن! ... ئا من کلەیرم! *سۆلانژ دەیەوێ سەماعەی یەدەگی تەلەفۆنەکە هەڵبگرێ تا بە دزییەوە گوێ رادێرێ، بەڵام کلەیر وەلای دەنێ* زۆر باشە، ئەوە بەخانم دەڵێم، خانم بەهەواڵی ئازادبوونتان زۆر شادمان دەبێ ... بەسەرچاو، گەورەم. دەینووسم. میسیۆ لە "بێلبوکێ" چاوەڕێی خانم دەکات. بەسەرچاو ... شەوباش گەورەم. *هەوڵدەدا تەلەفۆنەکە داخاتەوە بەڵام دەستی هێند زۆر دەلەرزێ کە لەبری ئەوە لەسەر مێزەکەی دادەنێ*

سۆلانژ

مەرەخەسیان کردووە؟

کلەیر

بەکەفالەت ئازادیان کردووە.

سۆلانژ

کەواتە ... کەواتە هەموو شتێک داڕووخا.

کلەیر

وشک وایە.

سۆلانژ

زاتیان کرد! چ بێڕێزیی کردنێکە بە عەدالەت. چ سوکایەتییەک! گەر میسیۆ ئازادبێ ئەوا داوای لێکۆڵینەوەیەک دەکا و ئیدی هەموو ماڵەکە بە دوای دۆزینەوەی خەتاباردا ژێراوژوور دەکا. تێدەگەیت هەڵوێستەکە چەند خەتەرە؟

کلەیر

من بەوپەڕی توانای خۆم کارم کردووە و هەڵبەت ئێمەیش عاقیبەتەکەیمان لەبەرچاو بوو.

سۆلانژ

تووڕە ئافەرین، کاری باشت کردووە. پیرۆزباییت لێدەکەم بۆ نامە و بەدەستەوەدانەکە، بە نایابی بەڕێوە چوون. ئینجا با دەستوخەتەکەش بناسنەوە ئەوکات ئاوها باش بۆمان ناچێتە سەر. ئەرێ دەتوانیت ئەمەم تێبگەیەنیت کە بۆچی یەکەم جار بۆ "بێلبوکێ" دەڕوا و بۆ ئێرە نایەتەوە؟

کلەیر

تۆیەک کە زۆر زیرەکیت، دەبوایە بتوانیایە بتکوشتایە. بەڵام ترسایت. هەوا لێوڕێژ لە بۆنی عەتر و نوێنەکەش گەرم. ئیتر خانم! ئێستا ئێمە تەنها جگە لە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ژیانە و لەسەر هەمدیس دەستپێکردنەوەی گەمەکە، چ ڕێگەچارەیەکی ترمان نییە!

سۆلانژ

ئاخر گەمەکە خەتەرە. ئێمە دڵنیاین کە شوێنپێیەکمان لەدوای خۆمانەوە جێهێشتووە و ئەوەیش خەتای تۆیە. ئێمە هەموو جارێک هەر واین. سەرتاسەر جێپێ دەبینم کە هەرگیز ناکرێت بسڕدرێنەوە. ئەویش، ئەویش بەنێویاندا دەگەڕێ و دەیاندۆزێتەوە. بە وریاییەوە سەرپەنجە پەمەییەکانی لە جێگەپێکانی ئێمە دەنێ. خانم پەردەمان لەسەر هەڵدەماڵێ، یەک لەدوای یەک. ئەوەش هەڵەی تۆیە کە خانم گاڵتەمان پێدەکات! خانم لەهەموو شتێک تێدەگات. هێندە بەسە کە زەنگ بە کاتژمێرەکە لێبدات و ئیدی کەسێک بە ڕاکردن بە دەمییەوە بێت. تێدەگا کە ئێمە بە جلکەکانییەوە بەم ناوەدا دێین و دەچین، کە ئێمە ژێستەکانی دەدزین و ئێمە سەرمان لە دۆستەکەی شێواندووە. کلەیر ... هەموو شتێک پەردەمان لەسەر هەڵدەماڵێ، هەموو شتێک پەنجەی تۆمەتمان بۆ درێژ دەکا. پەردەکان بە جێنیشانەی شانێ تۆ، ئاوێنەکان بە جێوێنەی ڕوخساری من، ڕووناکیی بە گاڵتە تورەهاتەکانمان ڕاهاتووە، دواجار ئەم ڕووناکییە ئاشکرامان دەکا. ئێمە گەمەکەمان دۆڕاند لەبەرئەوەی تۆ زۆر ناشیی بوویت ...

کلەیر

گەمەکەمان دۆڕاند لەبەرئەوەی تۆ گوڕی تەواوت نەبوو تا....

سۆلانژ

تا ....

کلەیر

.... بیکوژیت.

سۆلانژ

هێشتا دەتوانم گوڕی پێویست لە خۆمدا کۆکەمەوە.

کلەیر

چیی؟ چۆن؟ تۆ هێندەی من دەسبەکار نیت. تۆ تەنانەت نەتتوانی سەر چڵەپۆپەی درەختەکانیش ببینیت. کابرای شیرفرۆش ئەقڵی لە کەللەتدا نەهێشتووە.

سۆلانژ

ئەمە لەبەرئەوەیە کە نەمتوانی ڕوخساری ببینم. کاتێ نووست ئیدی کوتوپڕ خۆم لە نزیکی خانمەوە بینییەوە. هەرچی بڵێی هێز و گوڕ لە جەستەمدا نەما. بۆ ئەوەی گەردنی بدۆزرێتەوە دەبوو سەرچەفە چینچینەکە بەرز بکرێتەوە.

کلەیر

*بە گاڵتەجارییەوە* چەرچەفەکەش گەرم بوو. شەو تاریکونووتەک بوو. خەڵک بەڕۆژی نیوەڕۆ ئەم جۆرە کارانە دەکەن. بەڵام تۆ هەرگیز دەرەقەت نەهاتیت. بەڵام من، من دەبێ دەرەقەت بێم. من توانای هەر شتێکم هەیە و تۆیش ئەوە دەزانیت.

سۆلانژ

ڤالیۆم!

کلەیر

ئا، با بە هێمنیی لە مەسەلەکە بدوێین. من بەهێزم. بەڵام تۆ هەوڵتدا خۆت زاڵ بکەیت و ....

سۆلانژ

بەڵام کلەیر ....

کلەیر

*مێور* ببوورە ... دەزانم چی دەڵێم. من ناوم کلەیرە و ئێستا من ئامادەم. بەسە و ئیتر ماندووم. ماندووم لە بوون بە جاڵجاڵۆکە،

له بوون به چەتر، له بوون به ڕاهیبەیەکی بلّح که نەخودای هەبێ و نه خێزان! بەسه و ئیدی ماندووم لەوەی که تەباخێک لەجێی میحرابم بێ. من تەنانەت لەچاوی ئێوەیشەوە، کچێکی بۆگەنی بێ تەربێت و بێ چاوو ڕووم.

سۆلانژ

*شانێ کلەیر دەگرێ* کلەیر ئێستا ئێمه بێ سەبرین. خانم نایەت. ئیدی منیش له وزەمدا نەماوە. منیش له لەیەکتر چوونمان وەڕسم، ئیتر حەوسەڵەم لەگەڵ دەست و گۆرەویی ڕەش و قژمدا نەماوە. بەڵام خوشکه بچکۆلانەکەم، من هیچ لۆمەتان ناکەم. پیاسەی شەوانەت ئارامتری دەکردیتەوە.

کلەیر

*نارەحەت* بەسه بیبڕەوە!

سۆلانژ

تەنها ویستم یارمەتیت بدەم. ویستم دڵنەواییت بکەم، بەڵام دەزانم که تۆ قێزم لێدەکەیتەوە. تۆ پێتوایه من ناحەزم. ئەوە دەزانم چونکه منیش قێزت لێدەکەمەوە. ئەوە خۆشەویستی نییه که یەکتر خۆش بویسترێ و قێز له یەکتر بکرێتەوە.

کلەیر

خۆشەویستی ئەوەیه که زۆر خۆشەویستیی بدەیت. بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنه ترسناکەی که وەک بۆنێکی ناخۆشی دەم، وێنەکەم تێدەگرێتەوە. تۆ بۆنی ناخۆشی دەمی منیت. ئێستا من ئامادەم. دواجار تاجەکه لەسەری من دەنرێ. من پیاسەکانم له سالۆنەکانا دەکەم.

سۆلانژ

ئێمه هەڵبەت ناتوانین لەبەر شتێکی وا کەم بیکوژین.

کلەیر

بەڕاست؟ ئەوە بەس نییە؟ گەر بۆم هەبێ پرسیار بکەم، بێزەحمەت بۆ؟ پێویستمان بە ئەنگیزەی تر هەیە؟ کەی و لەکوێ دەتوانین هەنجەتی لەمە باشترمان بەدەستەوە بێ؟ ئەوە بەس نییە؟ ئەمشەو خانم ئامادە دەبێ کاتێ ئێمە دەورەکانمان دەگۆڕینەوە. ئیدی قاقا پێدەکەنێ، هێند پێدەکەنێ کە فرمێسک بە چاوانیدا دێتە خوارێ و هەناسەی لەبەر دەبڕدرێ! نا، تاجەکە لە سەری من دەنرێت. من ئەو بکوژە ژەهرپێدەرە دەبم کە تۆ نەتتوانی ببیت. ئێستا نۆرەی منە کە فەرماندەیی بە دەستەوە بگرم.

سۆلانژ

بەڵام من هەرگیز ....

کلەیر

*لاسایی خانم دەکاتەوە. شەرانگێزانە* دەسرم بدەرێ! جلگرەکانم بدەرێ! پیاز پاککە! پەتاتە بجنە! پەنجەرەکان بسڕە! تەواو. ئیتر ئەمە تەواو. نا، بیرم چوو! بەلوعەکە بگرەوە! ئێستا تەواو. ئەوە منم کە حوکمی جیهان دەکەم.

سۆلانژ

خوشکە بچکۆلەکەم!

کلەیر

تۆیش دەبێ یارمەتیم بدەیت.

سۆلانژ

تۆ نازانیت ئەمە چۆن دەبێ. لەوە قورسترە کە مرۆڤ مەزەندەی دەکا، بەڵام کەچی زۆر ئاسانیشە.

کلەیر

خۆم بە باسکی بەهێزی کابرای شیرفرۆشەوە دەگرم، ئەو لەپێ ناکەوێت. دەستی چەپم دەکەمە ملی. تۆ یارمەتیم دەدەیت. گەر خومەکە زیاتر بشێوێ کە بەرەو کۆڵۆنی سزا بنێردرێم، ئەوا تۆ سواری کەشتییەکە دەبیت و لەگەڵمدا دێیت. سۆلانژ، هەردووکمان، دەبینە دوانەیەکی تاوانبار و قەدیسی ئەبەدیی. ئێمە ڕزگارمان دەبێ، سۆلانژ، بەڵێن دەدەم، ڕزگار ....

*بەسەر سیسەمەکەی خانمدا دەکەوێ*

**سۆلانژ**

هێور بەرەوە. دەتبەم بۆ سەرەوە بۆ ژوورەکەمان تا بنوویت.

**کلەیر**

لێمگەڕێ. پەردەکان دابەرەوە. بێزەحمەت دایانبەرەوە.

*سۆلانژ پەردەکان دادەداتەوە*

**سۆلانژ**

ئێستا بحەوێرەوە. خوشکە بچکۆلەکەم، بحەوێرەوە. *دەکەوێتە سەر ئەژنۆ، پێڵاوەکانی کلەیر دادەکەنێ و پێی ماچ دەکات* ئازیزەکەم، هێوربەوە. *نەوازشی دەکا* پێت بخە ئێرە و چاو بنووقێنە.

**کلەیر**

*هەناسە هەڵدەکێشێت* سۆلانژ، شەرم دەکەم.

**سۆلانژ**

*نەرم* قسە مەکە. من ئاگام لێتدەبێ. ئاگام لێتدەبێ تا دەنوویت. کاتێ نووستیت ئەوسا هەڵتدەگرم و دەتبەم بۆ سەرەوە بۆ ژوورەکەمان. جلەکانت لەبەر دادەکەنم و دەتخەمە سەر سیسەمەکەت. ئێستا بنوو، من لاتەوەم.

**کلەیر**

شەرم دەکەم، سۆلانژ.

**سۆلانژ**

ششش! حەکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

کلەیر

*بە ئازارەوە* سۆلانژ؟

سۆلانژ

فریشتەکەم؟

کلەیر

سۆلانژ، گوێم بۆ ڕادێرە.

سۆلانژ

ئێستا بنوو.

*بێدەنگییەکی درێژ*

کلەیر

پرچت چەند جوانە. چ پرچێکی جوانە! پرچی ئەو ...

سۆلانژ

ئیتر لەبارەی ئەوەوە مەدوێ.

کلەیر

پرچی ئەو نەرمە. *بێدەنگییەکی درێژ* بیرت دێ .. ئێمە لەژێر درەختەکەدا دادەنیشتین و پێوپلمان دەخستە بەر هەتاو؟ سۆلانژ؟

سۆلانژ

ئێستا بنوو. من لاتەوەم. من خوشکی گەورەتم.

*بێدەنگی. دوای ساتێک کلەیر هەڵدەستێ*

کلەیر

نا! نا! ئێمە نابێ لاواز بین! گڵۆپەکە داگیرسێنە! دایگیرسێنە! ساتەوەختی مەزن هاتووە! *سۆلانژ گڵۆپەکە دادەگیرسێنێ* هەستنە سەرپێ! ئێستا با شتێک بخۆین. لە موبەق چیمان هەیە؟ چیی؟

ئێمە دەبێ نان بخۆین تا گوڕی نوێمان بێتەوە بەبەردا. وەرە، تۆ دەبێ یارمەتیم بدەیت. ڤالیۆم؟

سۆلانژ

بەڵێ، ڤالیۆم ...

کلەیر

ڤالیۆم! ئاوا مۆن مەکە. ئێمە دەبێ شادمان بین و گۆرانی بڵێین. ئێستا ئێمە گۆرانی دەڵێین! گۆرانی بڵێ وەک ئەو کاتەی کە دەڕۆیت و لە گۆڕەپان و جاددەکانا سواڵ دەکەیت. ئێمە دەبێ پێبکەنین. *قاقا پێدەکەنن* ئەگینا دۆخەکە هێندە تراژیدییە کە لە پەنجەرەکەوە هەڵدەدێرریێین. پەنجەرەکە داخە. *سۆلانژ پێدەکەنێ و پەنجەرەکە دادەخا* کوشتن شتێکە ... بە شێوەیەکی پێکەنینهێنەر لە پەسەن نایەت! ئێستا ئێمە گۆرانی دەڵێین. ڕایدەکێشینە دەرەوە و بەرەو دارستانەکەی دەبەین و لەبەر تریفەی مانگ و لەژێر دارسنەوبەرەکاندا کوت کوتی دەکەین. ئێمە دەبێ گۆرانی بڵێین! پاشان لە باخچۆکەکە و لەژێر گوڵەکانا دەینێژین. هەموو شەوێک بە دۆلکە گچکەکەمان ئاوی دەدەین.

*لە زەنگی دەرگا دەدرێ*

سۆلانژ

خۆیەتی. وا هاتەوە. *مەچەکی خوشکەکەی دەگرێ* کلەیر دڵنیایت لە قەرەی دێیت؟

کلەیر

چەند دەنک پێویستە؟

سۆلانژ

دە دەنک. لە چای کەمومێلەکەیدا. دە دەنک حەپی خەو. بەڵام تۆ زات ناکەیت.

*کەیر مەچەکی ئازاد دەکا، دەکەویتە ڕێکخستنی نوێنەکە. سۆلانژ بۆ ساتێک تەماشای دەکا*

کلەیر

تیوبەکە لای منە. دە دەنک.

سۆلانژ

*زۆر پەلە* دە دەنک. نۆ دەنک کەمە، لە دە دانە زیاتریش دەیرشێنێتەوە. دە دەنک. لێگەڕێ با چاکە زۆر دەم بکێشێت. تێگەیشتیت؟

کلەیر

*لەبەر خۆیەوە* ئا.

*سۆلانژ دەیەوێ بچێتە دەرێ بەلام ڕا دەگورێ*

سۆلانژ

*بە دەنگێکی سروشتی* بە شەکری زۆرەوە.

*سۆلانژ لەلای چەپەوە دەچێتە دەرێ. کلەیر بەردەوام دەبێت لە ڕێکخستنەوەی ژووری نووستنەکە و پاشان لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرێ. چەند چرکەیەک تێدەپەڕێ. پاشان دەنگی پێکەنینێکی تووڕە لە کولیسەکانەوە دەبیسترێت. خانم کاتێ دێتە ژوورەوە، پێدەکەنێ، پاڵتۆیەکی پێستەیی لەخۆوە پێچاوە. سۆلانژ لە دوایەوە دێتە ژووری*

خانم

تا دێ خراپ و خراپتر دەبێ! گوڵی ماتەمزەدەی سۆسەن و مێموسا! ئەو شێتوشبرانە بێ شک هەر لە بەیانی شەبەقەوە بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندۆتە قەیسەرییەکان تا نەختێک هەزرانتر بیانکڕن. سۆلانژی ئازیز، ئەم هەموو چاودێری کردنە لە خاوەن ماڵێکی ناشایستە و ئەم هەموو گوڵەش لەکاتێکدا کە وەک تاوانبارێک مامەڵەی میسیۆ دەکرێ! چونکە ... سۆلانژ، من دەبێ شتێک لەبارەی متمانەوە بەتۆ و خوشکەکەت بڵێم! من

ئیدی ئومێدم لەدەستداوە. ئەمجارەیان میسیۆ ڕێکوڕەوان زیندانییە.

*سۆلانژ یارمەتی لە داکەندنی پاڵتۆ پێستەییەکەیدا دەدا*

سۆلانژ زیندانیی! ز... ی ... ن ...د ... ا ... نیی! لەبارودۆخێکی نەفرەتئامێزدا. لەم بارەیەوە چ دەڵێیت؟ ئێستا خانمەکەت لە چورتمێکی بەرازانەی ڕاستەقینەوە گلاوە. میسیۆ دەبێ لەسەر کا بنوێ و ئێوەیش لەسەر ئەڵتاری سەروەریی دامدەنێن!

سۆلانژ

خانم پێویست ناکا هێندە نارەحەت بن. زیندانەکان لەدوای شۆڕشەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

خانم

ئا، دەزانم چیدی کای شێدار لەسەر ئەرزی قوڵکەی زیندانەکان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میسیۆ لەبەرچاومدا لەژێر توندوتیژترین ئەشکەنجەیەک کە بکرێ بیری لێبکرێتەوە، دەبینم. زیندان پڕە لە تاوانباری خەتەر. میسیۆش کە زۆر پیاوێکی هەست ناسکە، لەگەڵ ئەوانەدا دەژی! من وا لەشەرمەزاریدا دەمرم. لەکاتێکدا ئەو بیر لە چارەنووسی خۆی دەکاتەوە، منیش بەڕۆحێکی نائومێدانەوە بە ناو ساڵۆنەکانی گوڵدا دەڕۆم. من ئیدی تێکشکام.

سۆلانژ

دەستەکانی خانم زۆر ساردن.

خانم

من تێکشکام. هەر جارێ بۆ ماڵەوە دێمەوە، دڵم زۆر بە توندیی دەکەوێتە تەپوکوت، ڕۆژێک دێ دەکەوم و لەژێر ئەم گوڵانەی ئێوەدا دەمرم. دیارە ئێوە گۆڕەکەم ئامادە دەکەن، هەر لە چەند ڕۆژێک لەمەوبەرەوە ژوورەکەمتان پڕ لەم گوڵانە کردووە کە

خەڵکی بۆ پرسە و ماتەمینی دەیانبەن! زۆر زەندەقبەرانە سەرمام بوو، بەڵام من قەت هێند بێشەرم نیم کە بکرووزێمەوە. تەواوی شەو هێواش هێواش بە ڕاڕەوەکاندا دەڕۆیشتم. پیاوانێکی زۆر ساردم بینین بە ڕوخساری بەردین و سەری مەرمەڕینەوە، بەحاڵ میسیۆشم بینی، بەڵام زۆر لە دوورەوە. بەئاستەم دەستم بۆ ڕاوەشاند. هەڵبەت ئەو نەیبینیم. هەستم کرد زۆر گوناهبارم. پاشان لەنێوان دوو پۆلیسدا دیار نەما.

سۆلانژ

پۆلیس؟ خانم دڵنیان؟ دەبێ پاسەوان بووبن؟

خانم

ئێوە شتێک دەزانن کە من بێئاگام لێی. پاسەوان بووبن یان پۆلیس، بەهەرحاڵ میسیۆیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ژنی یەکێک لە دادوەرەکانیشم بینی. کلەیر!

سۆلانژ

چای کەمۆمیلەکەی خانم ئامادە دەکا.

خانم

با پەلە بکا! سۆلانژ، ببوورە بچکۆلەکەم، بمبوورە. من شەرمەزارم کە داوای چای کەمۆمیل دەکەم لەکاتێکدا کە میسیۆ تەنیا و بێ خۆراک و بێ جگەرە و بێ هەموو شتێکە. خەڵکی نازانن لەزینداندا بوون یانی چیی. ئەو خەڵکە گوڕی خەیاڵیان نییە، بەڵام من لەو شتەم زۆرە. هەست ناسکییم ئازارم دەدا. ئەمە ترسناکە. ئێوە، کلەیر و تۆ بەختتان هەیە کە لەم دونیایەدا تەنیان. ژیانی ساکارتان بەر لەبەدبەختیتان دەگرێ.

سۆلانژ

زوو بە زوو بۆیان دەردەکەوێ کە میسیۆ بێ تاوانە.

خانم

ئا، بێ تاوانە! بێ تاوان! تاوانباربێ یان بێ تاوان من قەت دەسبەرداری نابم. ئاوها بونیام دەزانێ کە کەسێکی خۆشدەوێ. ئێستا میسیۆ تاوانبار نییە، بەڵام گەر تاوانباریش بێ، ئەوا من شەریکە تاوانیم. تا "گۆیانا"، تاکو سیبریاش لەگەڵی دەڕۆم. من دەزانم تەگبیری خۆی دەکا. ئەم ڕووداوە گەلۆرانەیە لانیکەم هێنامییە سەر ئەوەی کە بزانم تا چ ئەندازەیەک پێوەی پابەندم. ئەو ڕووداوەی کە دەبوو لێکترمان جوێ بکاتەوە توندتر بە یەکترەوە گرێیداین، من تاڕادەیەک هەستدەکەم بەختەوەرم. ئەمە بەختەوەرییەکی ترسناکە! میسیۆ تاوانبار نییە، بەڵام گەر تاوانباریش بێ ئەوا بە شادومانییەوە خاچەکەی هەڵدەگرم! لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان، تا کۆلۆنی سزا لەگەڵیدا دەڕۆم، سۆلانژ، تا کۆلۆنی سزا! حەزم لە جگەرەیە! جگەرەیەکم بدەرێ!

سۆلانژ

قەت مۆڵەت نادەن. مۆڵەت نادەن تەنانەت ژن و خوشک یان دایکی تاوانبارەکان لەگەڵیان بچن.

خانم

تاوانبار! کچەکەم ئەوە چ زمانێکە! تۆ چووزانیت! کەسێکی حوکمدراو ئیتر تاوانبار نییە. بەڵام من دەبێ سەرپێچیی یاساکان بکەم. من دەبێ بێشەرم بم، سۆلانژ و فێڵباز.

سۆلانژ

خانم ئازان.

خانم

تۆ هێشتا نامناسیت. تۆ و خوشکەکەت تا ئێستا ژنێکتان بینیوە کە چواردەوری بە سۆز و بەتەنگەوەهاتن گیراوە، ژنێک کە

تەنها لە بیری چای کەمۆمیل و دانتێلەکانییایەتی... بەڵام ئیتر ئەو شتانە تەواو. من بەهێز و ئامادەم بۆ بەرخۆدان. بێ لەوەش مەترسی مل پەڕاندنی میسیۆ لەمیانا نییە. بەڵام من دەبێ خۆم هەڵبڕم تا ئاستی ئەو. من دەبێ سەخڵەت بم تا خێرا و خێراتر بیربکەمەوە و ڕۆشنتر ببینم. ئەوسا دەشێ بتوانم لەم دردۆنگییە قوتاربم کە لەمرۆ بەیانییەوە هەستی پێدەکەم. ئەوسا دەشێ بزانم کە چۆن ئەو پۆلیسە جەهەنەمییە توانیویەتی جاسووسی نهێنیئامێز لە ماڵەکەمدا بچێنێ.

سۆلانژ

پێویست ناکا هێندەش ورەتان بڕوخێ خانم. من تاوانباری زلترم بینیون کە ئازاد کراون. لەدادگای ئێکس ئێن پرۆڤێنس ....

خانم

تاوانباری زلتر؟ تۆ چیی لە تاوانەکەی دەزانیت؟

سۆلانژ

من؟ هیچ. تەنها ئەوەی کە خانم گوتی. دیارە نابێ تاوانێکی هێند ترسناک بێ ....

خانم

قسەی هەلەق و مەلەق دەکەیت! تۆ چی لەبارەی ئازادکردنەوە دەزانیت؟ بۆ دادگاییکردنەکان دەڕۆیت؟

سۆلانژ

من ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە. باسی پیاوێکتان بۆ دەکەم کە شتێکی زۆر لەوە خراپتری کردبوو. واتە ...

خانم

بونیام ناکرێ تاوانەکەی میسیۆ بەهیچ تاوانێکی تر بەراورد بکا. ئەویان بەدزیی گێلۆکانە تاوانبار کردووە. ئێستا دڵت ئاوی

خواردەوە؟ دزیی! گێلانە! گێلانە وەک هەمان ئەو نامانەی کە بوونە هۆی دەسگیرکردنی.

سۆلانژ

خانم پێویستە بحەوێنەوە.

خانم

من ماندوو نیم! بەسە وەک کەسێکی ئیفلیج مامەڵەم مەکە. لەمڕۆوە لێتانی قەدەغە دەکەم کە بە فوو پشکۆی تەمبەڵییم بگەشێننەوە. نامەوێ کەس بەزەیی پێمدا بێتەوە. من بەرگەی لوشکەلوشک و داوبێدادی ئێوە ناگرم. بەتەنگەوەهاتنی ئێوە شێتم دەکا. من دەتاسێم. بەتەنگەوەهاتنێک کە هەرگیز وەک شتێکی تەواو ڕاستگۆیانە هەستی پێنەکرا. هەموو ئەم گوڵانەش کە ئێوە لێرە داتانناون بەتەواوی بۆ شتێکە پێچەوانەی زەماوەندی بووکێنیی! ناتانەوێ ئاگردانێکیشم بۆ داگیرسێنن تا خۆم گەرم بکەمەوە! پێتوایە لە زیندان ئاگری لابێ؟

سۆلانژ

نا، دیارە هیچ ئاگردانێکی لا نییە، خانم. گەر خانم پێیوانییە کە ئێمە بەهەست و ڕەچاوکار بین ....

خانم

نا، مەبەستم لەوە نییە.

سۆلانژ

خانم دەیانەوێ حیسابی خەرجی ڕۆژانە ببینن؟

خانم

خۆم دەڵێم! تۆ هەر زۆر کەرتریت؟ وا دەزانیت ئێستا من خەمی ژمارەمە؟ بەڵام سۆلانژ، تۆ هێندە ڕقت لێمە کە هیچ ڕێزێکی تێدا ناهێڵیتەوە؟ چۆن دەتوانیت لەبارەی ژمارە و

دەفتەری حیسابات و ڕیسێپتی خواردنەوە بدوێی لەکاتێکدا کە من دەمەوێ لەگەڵ خەمی خۆمدا بەتەنیا بم! ئێستا مادام وای لێهات یەکجاری دوکاندارەکەش بۆ ئێرە بانگکە!

سۆلانژ

ئێمە تێدەگەین کە خانم خەفەتی هەیە.

خانم

نەک لەبەرئەوەی دەمەوێ ماڵەکە تاریککەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا...

سۆلانژ

*لە کاتێکدا کە پاڵتۆ پێستەییەکە هەڵدەواسێ* بەرەکەی دڕاوە ... سبەینێ لای بەرگدروو دایدەنێم.

خانم

باشە گەر خۆت حەز دەکەیت. ئەو ئەزییەتەش ناهێنێ. من دەسبەرداری جلکەکانی ئێواران دەبم. بێ لەوەش  ئیدی پیر بووم. سۆلانژ، بەڕای تۆ پیر نەبووم؟

سۆلانژ

خانم هێندە ڕەشبین مەبن!

خانم

پێت سەیر نەبێ، من خەفەتم هەیە. ئاخر چۆن بتوانم لەبیری جل و پاڵتۆ پێستەییەکەمدا بم لەکاتێکدا کە میسیۆ لەزینداندا بێ؟ گەر ماڵەکە لەبەرچاوتا زۆر خەمناکە ...

سۆلانژ

بەڵام خانم ...

خانم

چ بەهانەیەک نییە کە ئێوە هاوبەشی غەمم بن! حەقی ئەوەتان دەدەمێ!

سۆلانژ

پاش ئەو هەموو شتەی خانم بۆی کردووین هەرگیز دەسبەرداری نابین!

خانم

دەزانم سۆلانژ. ئێوە زۆر بەدبەخت بوون؟

سۆلانژ

ئۆوا!

خانم

ئێوە تا ڕادەیەک وەک کچی خۆم وان. ژیان لەنزیک ئێوەوە هێند بێزارکەر نییە. بەرەو لادێ دەڕۆین. لەوێ یەک باخچەی تەواو بەگوڵەوە بۆ ئێوە. بەڵام حەز ناکەن یاری بکەن. هەرچەند گەنجن بەڵام قەت پێناکەنن. لە لادێ ئارام دەبنەوە. من نازتان دەکێشم. پاشان هەرچییەکم هەیە بە میرات بۆ ئێوە. دەنا لەچیتان کەمە؟ بە جلکە کۆنەکانمەوە وەک شازادە دەنوێنن. جلکەکانم، ئا .... *بەرەو لای کەنتۆرەکە دەڕوا و تەماشای جلەکانی دەکا* من بۆ چیمن؟ ئێستا من ئەم ژیانە توورەهاتە جێدێڵم.

*کلەیر بە چا کەوە دێتە ژوورەوە*

کلەیر

چا کە ئامادەیە.

خانم

من خواحافیزیی لە هەموو سەماکان دەکەم، خواحافیزیی لە هەموو شەونشینییەک، لە شانۆ. ئەوە ئێوەن کە دەبنە میراتگری هەموو ئەمانە.

کلەیر

*وشک* بەڵام خانم دەتوانن جلەکاکانی ئێواران بۆ خۆیان هەڵگرن.

خانم

*رادەچلەکێ* چی؟

کلەیر

*ئارام* تەنانەت خانم پێویستە راسپێرێ جلکی لەوە جوانتریشی بۆ بنێرن...

خانم

چۆن بتوانم بۆ لای بەرگدروو راکەم؟ هەر ئێستا بۆ خوشکەکەتم باس دەکرد ... من دەبێ کراسێکی رەش بپۆشم بۆ رۆژی مواجە. بەڵام پاشان ....

کلەیر

خانم دەبێ شیک بن. غەم هینجەتێکی نوێیە.

خانم

چۆن؟ ئا، تۆ راست دەکەیت. من دەبێ بەردەوام بم لەسەر جلک پۆشین بۆ میسیۆ. من دەبێ جلکێکی ماتەمینیی بەکرد بدەم کە لە غیابی ئەودا بیپۆشم، جلکێک کە زۆر بەشکۆتر بێ لەجلکی پرسەی مەرگی. من دەبێ جلکی نوێ و جوانتر لەمانەش بپۆشم. ئێوەیش بە پۆشێنی جلکە کۆنەکانم یارمەتیم دەدەن. گەر ئەو جلکانەتان بدەمێ ئەوا رەنگە میسیۆ ببەخشرێت. کێ چوزانێ.

کلەیر

بەڵام خانم ...

سۆلانژ

خانم، چا کە ئامادەیە ...

خانم

لەو دوورەوە داینێ. هەر ئێستا دەیخۆمەوە. جلکەکانم بۆ ئێوە. هەموو شتێکتان دەدەمێ.

کلەیر

قەت قەت ئێمە ناتوانین جێگەی خانم بگرینەوە. گەر خانم دەزانێ چۆن ئاگامان لە جلکەکانییەتی! کەنتۆرەکەی خانم لای ئێمە وەک میحرابی مەریەمی پاقییژەی پیرۆز وەهایە. کاتێ دەیکەینەوە ...

سۆلانژ

*وشک* چاکە سارد دەبێتەوە.

کلەیر

کاتێ دەرگاکانی دەکەینەوە، دەڵێی جەژنە. بەحاڵ دەوێرین تەماشای جلکەکان بکەین، ئاخر ئێمە مافی ئەوەمان نییە. کەنتۆرەکەی خانم پیرۆزە. چونکە جلەکانی خانمی لێهەڵدەواسرێن!

سۆلانژ

بە چەنەبازیتان خانم ماندوو دەکەن.

خانم

هەموو شتێک کۆتایی هات. *دەست بە جلکە مەخمەلییە سوورەکەدا دەهێنێ* ئەی جلکە دڵگیرەکەم. ئەی لەهەموو جلەکانی تر جوانتر. ئەی جلکە داماوەکە. تەواو، "چانێل" بۆی دووریوم. تایبەت بۆ من. ها! کلەیر بۆ تۆ! فەرموو! *جلەکە دەداتە کلەیر و هەمدیس لە کەنتۆرەکەدا دەگەڕێ*

کلەیر

ئۆو خانم، بەڕاست بۆ من؟

خانم

*میهرەبانانە زەردەخەنە دەیگرێ* بێگومان. گوێت لێنەبوو گوتم چی؟

سۆلانژ

خانم زۆر میهرەبانن. *بۆ کلەیر* ئێستا سوپاسی خانم بکە. دەمێکە حەزتان لەو جلکە کردووە.

کلەیر

هەر زۆر جوانە. قەت زات ناکەم لەبەریکەم.

خانم

دەتوانیت سەرلەنوێ بیدووریتەوە، لە داوێنەوە مەخمەلی بەدەمەوەیە کە بەشی قۆڵەکانی دەکا. ئەوسا گەرمتریش دەبێ. ئا، هەڵبەت من ئێوە دەناسم، دەزانم ئێوە پێویستتان بە قوماشی توندوتۆڵە. سۆلانژ ئەی تۆ، سۆلانژ، چی بدەمە تۆ؟ بۆ تۆێش ئەم ... ئا، ئێستا زانیم، ئەم پێستە ڕێوییە.

*پێستەکە دەهێنێ و لەسەر تاک قەنەفەکە و لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دایدەنێ*

کلەیر

ئۆو، پاڵتۆی ئاهەنگی گەورە!

خانم

مەبەستت چییە؟

سۆلانژ

کلەیر مەبەستی لەوەیە کە خانم تەنها لەبۆنە زۆر گرنگەکانا ئەم جلانە دەپۆشن.

خانم

نا، هەرگیز. ئێوە بەختتان هەیە کە من جلتان دەدەمێ. گەر خۆم جلکی نوێم بوێ، ئەوا دەبێ بیکڕم. ئێستایش دەبێ زوو بەزوو جلکی شیکتر بدەم بە کرد بۆ ڕێزنان لە بیرەوەریی میسیۆ.

کلەیر

خانم زۆر سەخیین!

خانم

نا، نا، سوپاسم مەکە. زۆر خۆشە کاتێ شادومانیی بە دەوربەری خۆتا پەخش دەکەیت. منێکیش کە تەنها لە خەیاڵی ئەوەدام چاکە بکەم. بڵێی کەسێک هەبێ زەرەری منی بوێ و حەز بە سزادانم بکا؟ دەبێ ئەو کەسە کێ بێ کە ئەوەندە بەد بێت؟ باشە بۆ؟ پێموابوو لە ئەماندام، کە وەفاداریی دەمپارێزێ. کە میسیۆ دەمپارێزێ. بەڵام بێگومان ئەم شوورایە لە هاوڕێیەتی هێند بڵند نییە کە لە نائومێدییم بپارێزێ. من نائومێدم! نامەکان! ئەو نامانەی کە تەنها خۆم لێیان ئاگادارم. سۆلانژ؟

سۆلانژ

*سەر بۆ خوشکەکەی دادەنەوێنێ* بەڵێ، خانم!

خانم

ئەوە چییە؟ سەر بۆ کلەیر دادەنەوێنیت؟ زۆر خۆشە! نەمدەزانی هێندە قۆشمەیت!

کلەیر

خانم فەرموو، ئەوە چا کەتانە.

خانم

سۆلانژ، دەمویست تەنها بپرسم ... ئەرێ ئەوە کێ دیسان دۆلابەکەی کردۆتەوە؟ ..... با، دەمویست شتێکت لێبپرسم. ئاخۆ کێ ئەو نامانەی ناردبێ؟ بێگومان نازانیت. دیارە ئێوەیش وەک من سەرتان سوڕماوە. بەڵام کچە بچکۆلەکانم، بەم زووانە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. میسیۆ نهێنییەکە ئاشکرادەکا! منیش دەبێ چاوەڕێ بکەم تا دەسخەتەکە شیدەکرێتەوە بۆ ئەوەی بۆم دەرکەوێ کێ لە پشت ئەم پاشقوولەوەیە. تەلەفۆنەکە ...! کێ سەماعەکەی داناوە؟ کەس تەلەفۆنی کرد؟

*بێدەنگیی*

**کلەیر**

ئەوە من بووم. کاتێ میسیۆ ...

**خانم**

میسیۆ؟ کام میسیۆ *کلەیر وەڵام ناداتەوە* وەڵام بدەوە!

**سۆلانژ**

کاتێ کە میسیۆ تەلەفۆنی کرد.

**خانم**

لەزیندانەوە؟ میسیۆ لەزیندانەوە تەلەفۆنی کرد؟

**کلەیر**

حەزمان کرد ئەوە بۆ خانم بکەینە موفاجەئە.

**سۆلانژ**

میسیۆ بە کەفالەت ئازادکراوە ...

**کلەیر**

لە " بیلبوکێ " وادەی لەگەڵ ئێوەدا هەیە!

**سۆلانژ**

ئۆو، خانم گەر دەتانزانی!

**کلەیر**

خانم قەت لێمان نابوورێت.

**خانم**

*هەڵدەسێ* قسەشتان نەکردا ترومبێلێک. سۆلانژ خێراکە و ترومبێلێک بێنە. زووکە، زوو بەرێکەوە. *بەپاڵ سۆلانژ لە ژوورەکە دەکاتە دەرەوە* پاڵتۆ پێستەییەکەم بێنە! پەلە بکە! هەڵبەت ئێوە شێت بوون. یان من خەریکە شێت دەبم. *پاڵتۆ پێستەییەکەی دەپۆشێت. بۆ کلەیر* کەی تەلەفۆنی کرد؟

**کلەیر**

*بە دەنگێکی بێ گوناهانە* پێنج دەقیقە بەر لەهاتنەوەی خانم بۆ ماڵەوە.

خانم

دەبوو زۆرتان لەخۆتان بکردایە بدوێن. چا کەش ساردبۆتەوە. چۆن تاقەت دەهێنم چاوەڕێی سۆلانژ بکەم. ئۆوا گوتی چی؟

کلەیر

ئەو شتەی کە هەر ئێستا پێمگوتیت. ئەو تا بڵێی ئارام بوو.

خانم

ئەو هەمیشە هەر وایە. تەنانەت حوکمی لەسێدارەدانیش هاوسەنگییەکەی لەق ناکا. ئەو وایە. ئێ دوایی ...

کلەیر

هیچ. تەنها گوتی کە دادوەر مەرەخەسی کردووە.

خانم

چۆن دەبێ ئەوان بەم نیوەی شەوە لەزیندان مەرەخەسیان کردبێ؟ ئەرێ دادوەرەکان تا کاتێکی درەنگی شەو کاردەکەن؟

کلەیر

هەندێ جار تا درەنگتریش.

خانم

هەتا درەنگتر؟ تۆ چۆن ئەمە دەزانیت؟

کلەیر

دەزانم، ڕۆژنامە دەخوێنمەوە.

خانم

*سەرسوڕماو* بەڕاست؟ ئا، هەڵبەت سەیرە. کلەیر بەڕاستی تۆ کچێکی سەیریت. *تەماشای کاتژمێرەکەی مەچەکی دەکا* هەڵبەت دەبێ

پەلە بکا *بێدەنگییەکی درێژ* بیرت نەچێ کە دەبێ بەری پاڵتۆ پێستەییەکەم چاککرێ.

کلەیر

سبەێنێ دەیبەمە لای بەرگدروو.

*بێدەنگی درێژ*

خانم

ئەی حیسابەکە؟ حیسابی خەرجیی ڕۆژانە. کاتم هەیە، بیهێنە.

کلەیر

حیسابی خەرجیی ڕۆژانە لای سۆلانژە.

خانم

وایە، ئا، هەر تەواو سەرم لێتێکچووە، سبەینێ سەیری دەکەم. *تەماشای کلەیر دەکا* ئا وەرە ئێرە! وەرە نزیکتر! چیی؟ میکیاژت کردووە؟ *پێدەکەنێ* چییە کلەیر ... میکیاژت کردووە؟

کلەیر

*زۆر شەرمەزار* خانم ...

خانم

درۆ مەکە! ئا، حەقی خۆتە. کچەکەم چێژ لە ژیان ببینە. ئەدی ئەو کەسە بەختەوەرە کێیە کە میکیاژت بۆ کردووە؟ دەی بزانم کێیە.

کلەیر

تەنها تۆزێک پۆدرەم کردووە.

خانم

ئەوە پۆدرە نییە، ئەوە "خۆڵەمێشی گوڵەباغە"، سووراوە کۆنەکەمە. بەڵام تۆ حەقی خۆتە. هەڵبەت هێشتا گەنجیت. کچە بچکۆلەکەم خۆت جوانکە. خۆت جوانکە. *گولێک بە قژی کلەیرەوە*

*دەکا و پاشان تەماشای کاتژمێرەکەی مەچەکی دەکا* ئەرێ چیی کرد؟ وا نیوەشەوە و کەچی هەر نەهاتەوە!

کلەیر

ڕەنگە زەحمەت بوو بێت تەکسی دەستکەوێ. بێگومان دەبێ تا وێستگەکە هەموو ڕێگەکە بە پێ ڕۆیشتبێ بەبێ ئەوەی هیچ تەکسییەکی لێهەڵکەوتبێ.

خانم

بەڕاست؟ حسابی کاتم لێتێکچووە. بەختەوەریی گێژو وڕی کردووم... تۆ بیرکەوە کە میسیۆ بەم نیوەشەوە تەلەفۆن بکا و بڵێ ئازاد کراوە!

کلەیر

خانم دەبێ دانیشن. دەڕۆم چاکە گەرم دەکەمەوە.

*کلەیر بەرەو لای دەرگاکە دەچێ*

خانم

پێویست ناکا، تینووم نییە. ئەمشەو دەبێ شەمپانیا بخۆینەوە. ئەمشەو بۆ ماڵەوە ناگەڕێینەوە.

کلەیر

ڕەنگە کەمێک چا ...

خانم

*پێدەکەنێ* نا، من بەئەندازەیەکی تەواو چالاکم.

کلەیر

وایە.

خانم

تۆ و سۆلانژ لەسەرەوە دامەنیشن و چاوەڕێی ئێمە بکەن. بڕۆن و یەکسەر بنوون. *کوتوپڕ کاتژمێرێک دەبینێ* چیی ... ئەمە کاتژمێری خەبەرکەرەوەیە. لێرەدا چی دەکا؟ لەکوێوە گەییوەتە ئێرە؟

كلەير

*زۆر خەجاڵەت* کاتژمێری خەبەرکەرەوەی چیی؟ ئەمە کاتژمێری موبەقە.

خانم

بەڕاست؟ من لەمەوبەر نەمدیوە.

كلەير

*کاتژمێرەکە هەڵدەگرێ* ئەمە دەبێ لەسەر ڕەفەی موبەق دانرێ، هەمیشە لەوێدا بووە.

خانم

*بەزەردەخەنەوە* ئا، هەڵبەت من موبەق بەماڵی خۆم نازانم. بەڵکو ماڵی ئێوەیە. ئەوێ موڵکی ئێوەیە. ئێوە خاوەنی ئەوێن. بەڵام سەیرم لێدێ بۆچی گەییوەتە ئێرە؟

كلەير

ئەوە سۆلانژە وا ڕاهاتووە کاتێ ژوورەکە گسک دەدا، ئەو کاتژمێرە کۆک دەکا. ناوێرێت متمانە بە کاتژمێری بەندۆڵدار بکات.

خانم

*زەردەخە دەیگرێ* ئا، سۆلانژ زۆر بەمشوورە. هیچ کەس کارەکەری بەوەفای وەک کارەکەرەکانی منی نیین.

كلەير

ئێمە خانم دەپەرستین.

خانم

*بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوا* ئا، شتێکی باش دەکەن. ئەدی من هەموو شتێکم بۆ نەکردوون؟

*ژوورەکە جێدێڵێ*

كلەير

*به تەنیا دەمێنێتەوە، بە غەمەوە* خانم وەکو شازادەکان جلکی لەبەرکردین. خانم ئاگای لە کلەیر یان سۆلانژ بوو، ئا، ئەو هەمیشە ئێمەی لێتێکەڵ دەبوو. خانم لە نازەنینییەکانیدا قوماتەی کردین. خانم لێگەڕا ئێمە پێکەوە بژین، خوشکەکەم و من. ئەو شتانەی داینێ کە ئیتر خۆی نەیدەویستن. ڕێگەیداین یەک شەمموان بۆ کڵێسا بڕۆین و لە لایەوە بکەوینە سەر ئەژنۆ.

خانم

*لە کولیسەکانەوە* گوێ بگرن! گوێ بگرن!

کلەیر

کاتێ ئاوی پیرۆزی لە جامەکەدا بۆ ڕادەگرین، لێمان وەردەگرێ و هەندێک جاریش نووکی دەستکێشەکانی پێدادەکا و تۆزێکیش بە ئێمەدا دەپرژێنێ.

خانم

*لە کولیسەکانەوە* تەکسییەکە هات! ئەوە چ دەڵێیت؟

کلەیر

*بەدەنگێکی زۆر بەرز* هەموو شتە باشەکانی خانمم دەژماردن کە بۆ ئێمەی کردوون.

خانم

*دێتە ژوورەوە، بە زەردەخەنەوە* چ سەخاوەتمەندییەک .... بەڵام چ کەمتەرخەمییەک! *دەست بە قەنەفەیەکدا دێنێ* ئێوە هەموو ئێرە پڕ دەکەن لەگوڵ کەچی تۆز و خۆڵی سەر مۆبلەکان ناسڕن!

کلەیر

خانم لە خزمەتەکانمان ناڕازیین؟

خانم

کلەیر، با، هەر زۆر ڕازیم! بەڵام ئێستا من دەبێ بکەومە ڕێ!

**کلەیر**

خانم دەکرێ کەمێک چا بخۆنەوە، گەرچی ساردیش بۆتەوە.

**خانم**

*پێدەکەنێ، بۆ کلەیر دەنوشتێتەوە* تۆ بەم هەموو چەنەچەنەت لەبارەی چا و گوڵەوە ڕۆحت دەرکێشام. ئەمشەو ....

**کلەیر**

*دەستەودامێنی دەبێ* تەنها تۆزێ ....

**خانم**

ئەمشەو شەمپانیا دەخۆمەوە. *بەرەو لای سینی چاکە دەڕوا. کلەیر لێی نزیک دەبێتەوە. بە ئەسپایی* چای کەمۆمێل! بە سێرڤیسێکی نایابەوە! هەر بەڕاست ئێمە بە چ بۆنەیەکەوە ئاهەنگ دەگێڕین؟

**کلەیر**

خانم...

**خانم**

ئەم گوڵانە لابە. بیبەنە سەرەوە بۆ لای خۆتان! بڕۆن و بنوون! *ئاوڕدەداتەوە بۆ ئەوەی بڕوا* کلەیر! میسیۆ ئازادە! میسیۆ ئازادە و منیش هەر ئێستا بە دیداری شاد دەبم.

**کلەیر**

خانم ...

**خانم**

ئێستا خانم دەبێ بڕوا. گوڵەکان لابەن!

*لە دوایەوە دەرگاکە بەیەکدا دەدرێ*

**کلەیر**

*تەنیا* لەبەر ئەوەی خانم باشە! خانم جوانە! خانم میهرەبانە! ئێمەیش نمەک حەرام نین، ئێمە گوێڕایەڵی خانمین و هەموو شەوێک لەهەورەبانەکەی خۆماندا لە سەرەوە، دۆعای بۆ

دەکەین. ئێمە قەت دەنگ بەرزناکەینەوە و بەحاڵ دەوێرین لەنزیک ئەوەوە یەکتر بە "تۆ" بانگکەین. خانم بە میهرەبانییەکەی ژەهرخواردمان دەکات. لەبەرئەوەی خانم باشە! خانم جوانە! خانم میهرەبانە! یەک شەمموان بۆمان هەیە لە بانیۆکەیدا خۆمان بشۆین. هەندێجاریش نوقڵێکمان دەداتێ. گوڵی ڕزیومان بەسەردا دەبارێنێ. خانم چای گوڵمان بۆ لێدەنێ. هێند باسی میسیۆمان بۆ دەکا کە ئیدیی ئێمە چاومان دەکەوێتە ڕەشکەوپێشکە. لەبەرئەوەی خانم باشە! خانم جوانە، خانم میهرەبانە!

سۆلانژ

*هەر ئێستا ماتوتە ژوورەوە* هیچی نەخواردەوە؟ خۆم دەمزانی. دەستخۆش.

کلەیر

زانیم وا دەڵێیت.

سۆلانژ

گاڵتەم پێبکە. خانم بۆی دەرچوو. کلەیر، خانممان لەدەست دەرچوو! چۆن توانیت ڕێگەی ئەوەی بدەیت؟ ئێستا کاتێ میسیۆ دەبینێ، هەموو شتێکیان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئێمە شکستمان هێنا.

کلەیر

مەیکە بە خەتای من. من حەپەکانم خستنە ناو چاکهوە، بەڵام ئەو نەیویست بیخواتەوە و تۆیش ئەوە دەکەیت بە خەتای من.

سۆلانژ

وەک هەمیشە!

کلەیر

.... ئەوە تۆ بوویت ددانت بەخۆتا نەگرت و ئازادکردنی میسیۆت بۆ باسکرد.

سۆلانژ

یەکەمین قسە لە دەمی تووە دەرچوو.

کلەیر

قسەکانی تریش لە دەمی تووە.

سۆلانژ

ئەوەی توانیم کردم. هەوڵمدا بێدەنگ بم.... بەڵام خەتاکە لە خۆت دوور مەخەوە. من هەر بەڕاستی زۆرم بۆ خۆم هێنا سەوڵ لێدەین تا خۆمان بگەیەنینە وشکانی. هێندەی توانیم بە کاوەخۆ بە پێپلیکانەکاندا هاتمەخوار تا تۆ بە هەموو شتێکدا ڕابگەیت، پاشان ڕێی ئەو شەقامەم گرتەبەر کە کەمترین ترومبێلی پێدا دەڕوات، کەچی ژمارەیەکی زۆر تەکسی لێبوو. دواجار ئیدی نەمتوانی خۆمیان لێببوێرم. بێ ئەوەی بە خۆم زانم یەکێکیانم ڕاگرت. کاتێ من هەوڵمدەدا کاتەکە درێژکەمەوە، کەچی تۆ هەموو شتێکت نغرۆ کرد. تۆ هێشتت خانم بۆی دەرچێ. ئێستاش جگە لە هەڵهاتن چ ڕێگەچارەیەکی ترمان نییە، کەلوپەلەکانمان کۆبکەوە ... با خۆمان ...

کلەیر

تەواوی نەخشەکان بێسوود بوون. ئێمە مەحکومین!

سۆلانژ

مەحکومین؟ دەست پێمەکەوە.

کلەیر

ڕێک دەزانیت مەبەستم چییە. تەنانەت شتەکانیش پشتمان تێدەکەن.

سۆلانژ

هەڵبەت ئەوان گوێ بە ئێمە نادەن!

کلەیر

با، گوێمان دەدەنێ. ئەوان ئاشکرامان دەکەن. ئێمەش دەبێ شتێکی زۆر خەتەرمان کردبێ بۆیە ئاوها توند تۆمەتبارمان دەکەن. خەریک بوو هەموو شتێکیان بۆ خانم ئاشکرا دەکرد. یەکەم جار تەلەفۆنەکە و پاشان نۆرەی زمانمان بوو کە خۆی پێنەدەگیرا. کاتێ تۆ ڕۆیشتیت خانم یەکە یەکە پەردەی لەسەر شتەکان هەڵدەماڵی. خۆم بینیم خەریک بوو بۆنی حەقیقەتی دەکرد. پاش تەلەفۆن، نۆرەی دەممان بوو خیانەتمان لێبکا. ئێوە وەک من شاهیدی گومانەکانی خانم نەبوون! بینیم یەک ڕاست ڕووە و ئاشکراکردنی نهێنییەکە دەچێ، هیچ شتێکی پەی پێنەبرد، بەڵام خەریک بوو هەمووی هەڵدەهێنان.

سۆلانژ

تۆیش لێگەڕایت بۆی دەرچێ!

کلەیر

سۆلانژ، ئەوە من بووم خانمم دەبینی، دەمبینی چۆن چاوی بە کاتژمێرەکەی موبەق دەکەوێت کە ئێمە بیرمان چوو بوو بیخەینەوە جێگای خۆی، بینیم چۆن چاوی بە پۆدرەی سەرمێزی ئارایشتەکە دەکەوێت، چۆن میکیاژەکەی سەر ڕوومەتم دەبێنێ و تەنانەت ئەوەشی بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئێمە ڕۆژنامە دەخوێنینەوە. ئەوە من بووم کە لەگەڵ هەموو ئاشکراکردنێکدا زرمەیەکم لێهەڵدەسا و بە تاقی تەنیا خۆمانم دەبینی کە قووڵتر بەناو وێرانەدا ڕۆدەچین.

سۆلانژ

ئێمە پێویستە جلەکانمان بپێچینەوە و بڕۆین. کلەیر، زووکە.... قەتار دەگرین ... یان کەشتی...

کلەیر

بۆ کوێ بڕۆین؟ بۆ لای کێ؟ من تەنانەت گوری هەڵگرتنی جانتایەکیشم نییە.

سۆلانژ

ئێستا دەڕۆین. بۆ هەر کوێیەک! بە هەر شتێک!

کلەیر

بەڵام بۆ کوێ بڕۆین؟ بە چی بژین؟ ئاخر ئێمە فەقیرین!

سۆلانژ

*تەماشای ئەملاولا دەکات* کلەیر، دەیبەین ... دەیبەین ..

کلەیر

پارە؟ هەرگیز. هەڵبەت خۆ ئێمە دزیش نین. پۆلیس ڕێک دەماندۆزێتەوە. پارە ئاشکرامان دەکا. سۆلانژ، ئێستا کاتێ بینیم شتەکان یەک لەدوای یەک پەنجهی تاوانبارکردنمان بۆ ڕادەکێشن، ئیتر لێیان دەترسێم. هەر هەنگاوێکی هەڵە بەگیرمان دێنێ.

سۆلانژ

لەعنەت! لەعنەت لە هەموو شتێک! ئێمە دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاکەین.

کلەیر

ئێمە تیاچووین ... تازە درەنگە.

سۆلانژ

ئومێدەوارم نەشتەوێ هەر لەم چەرمەسەرییەدا بین. سبەینێ هەمدیس هەردووکیان بۆ ماڵەوە دێنەوە. ئەوسا بۆیان

ئاشکرادەبێ کێ نامەکانی هەناردوون، لەهەموو شتێک حاڵی دەبن! هەموو شتێ! تۆ نەتبینی چۆن پرشنگیدەدا! زەردەخەنەی سەرکەوتنیت نەدەبینی کاتێ خەرامان خەرامان بە پێپلیکانەکەدا دەهاتە خوارەوە! بەختەوەرییەکی سامناک! شادومانییەکەی لەگەڵ ڕەوتی شەرمەزاریی ئێمەدا گەشە دەکا! جلکە سوورەکەی، ڕەنگی شەرمەزاریی ئێمە دەداتەوە! پاڵتۆ پێستەییەکەی ... ئا، ئەرێ پاڵتۆ پێستەییەکەی بردەوە!

کلەیر

من زۆر ماندووم!

سۆلانژ

ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە سکاڵا بکەن. لە ڕاستیدا لاوازیت لە ساتی گونجاودا خۆی دەردەخات.

کلەیر

تەواو ماندووم!

سۆلانژ

ئاشکرایە کاتێ خانم بێ گوناه بێ ئەوا کارەکەرەکان گوناهبارن. خانم! ئاسانە بێ گوناه بێت! گەر من کوشتنی ئێوەم لەسەر بووایە، ئەوا بەڵێن دەدەم کە ئەو ئەرکەی سەرشانم ڕادەپەڕاند.

کلەیر

ئاخر سۆلانژ.

سۆلانژ

ڕامدەپەڕاند! شەویلگەتانم هەڵدەتلیشاند و ناچارم دەکردن ئەم چا ژەهراوییە قووت بدەن کە هێندە بێ شەرمن ناتانەوێ

بیخۆنەوە! بێشک ناتانەوێ بمرن! ئەوسا دەکەوتمە سەر چۆک و بەپاڕانانەوەوە داوێنی کراسەکەتانم ماچ دەکرد!

کلەیر

هەروا ئاسان نەبووا!

سۆلانژ

نەتاندەخواردەوە؟ ژیانتانم لێدەکردن بە دۆزەخ. کارێکم دەکرد کە خۆتان بەپاڕانەوەوە ئەم ژەهرەتان لێ داوا بکردمایە، بەڵام خۆ لەوانەیش بوو بە قسەم نەکردنایە. هەرچۆنێک بێ ژیانتان پێ بەرگە نەدەگیرا.

کلەیر

کلەیر یان سۆلانژ، ئێوە تووڕەم دەکەن. من هەمیشە تێکەڵاوتان دەکەم، کلەیر یان سۆلانژ، ئێوە شێتم دەکەن. ئەوە ئێوەن کە باعیسی ئەم هەموو بەدبەختییەن.

سۆلانژ

بوێرە و ئەو قسەیە دووبارە بکەوە.

کلەیر

*لا بۆ بینەران دەکاتەوە. کلەیر جلکە سپییەکە بەسەر کراسە کورتە ڕەشەکەی خۆیدا لەبەر دەکات* من ئێوە بە خراپترین تاوان تۆمەتبار دەکەم.

سۆلانژ

ئێوە دێوانەن! یان سەرخۆشن! کلەیر، ئێمە هیچ تاوانێکمان نەکردووە. ئایا دەتوانیت لەسەر چ شتێکی تایبەتی تۆمەتبارمان بکەیت؟

کلەیر

ئا، کەواتە با چارەیەک بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی ... ئێوە حەز دەکەن سووکایەتیم پێبکەن! لێمەگەڕێ بەرتان پێبگرم! تف لە

ڕووخسارم بکە! لە شیاکەم هەڵکێشە و سەتڵە چڵپاوەکەم پێداکە.

سۆلانژ

*سۆلانژ وەردەچەرخێ و کلەیر لە جلکی خانمدا دەبینێ* چەند جوانن!

کلەیر

پیاهەڵدان بخە لاوە. چیدی درۆکردن، دردۆنگ بوون لەبەردەم مەسخ بووندا، بەدەرد ناخوات! خێراکە! خێراکە. من ئیدی بەشی خۆم سووکایەتیی و سەرشۆڕییم چەشتووە! خەڵکی دەتوانن گوێمان بۆ ڕادێرن، شان بلەقێنن و زەردەخەنە بیانگرێ و پێیانوابێ کە ئێمە شێت و حەسوودیین. من هەڵدەلەرزم، من لە کەیفخۆشییدا دەلەرزم، کلەیر، من لە شادومانیدا دەقیژێنم!

سۆلانژ

ئێوە زۆر جوانن!

کلەیر

تێهەڵچۆرەوە لە سوکایەتیی پێکردن.

سۆلانژ

ئێوە زۆر جوانن!

کلەیر

ئیتر ئەوە بەسە. لەپێشەکی گەڕێ. دەستبکەوە بە جنێودان!

سۆلانژ

ئێوە بە شەوارەم دەخەن. من قەت ناتوانم ....

کلەیر

گوتم جنێو بدەن. پێتان وا نەبێ بۆیە ئەم جلکەم لەبەرکردووە تا ئێوە ستایشی جوانییم بکەن. دەیٚ ئاوەڕۆیەک بۆ ڕقی خۆتان بکەنەوە! سووکایەتییم پێبکەن! تفم تێبکەن!

سۆلانژ

تۆ دەبێ یارمەتیم بدەیت.

کلەیر

من ڕقم لەکارەکەرەکانە. ڕقم لە ڕەگەزی نەفرەتیی و ساکارییانە. کارەکەرەکان ئینسان نین. لە بنەوەڕا لەسەر زگ دەخشێن. بۆئارەقەیان لێدێ و بۆگەنیان لە ژووری نووستنەکانماندا، لە ڕاڕەوەکانماندا دەمێنێتەوە و لە دەمەوە خۆیان پیاماندا دەکەن و وێرانمان دەکەن. ئێوە دەمرشێننەوە. *سۆلانژ بەرەو لای پەنجەرەکە دەروات* لێرە بمێنەوە!

سۆلانژ

وا دێم، وا دێم ....

کلەیر

*هێشتا لەبارەی کارەکەرەکانەوە دەدوێ* دەزانم کە ئەوان پێویستن، ڕێک وەک پێویستبوونی گۆڕهەڵکەن و کەنناس و پۆلیس. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ئەم دونیا جوانەمان بۆگەن دەکەن.

سۆلانژ

بەردەوامبە. بەردەوامبە.

کلەیر

ڕوخساری زەندەقچووتان، ئەژنۆی سرینتان و بلوسە کۆنەکانتان، ئێوە گەجەر و گوجەرێکن کە بە جلوبەرگە کۆن و تووڕدراوەکانی ئێمەوە بەم ناوەدا دێن و دەچن. ئێوە وێنەیەکی

شێواوی ئێمەن لە ئاوێنەدا، ئێوە دەریچەیەکن بۆ هەموو شەرمەزارییەکی ئێمە.

سۆلانژ

بەردەوامبە. بەردەوامبە.

کلەیر

ئیتر لەوە زیاتر تاقەت ناهێنم، خێراکە! تکایە. ئێوە .... ئێوە ... خوایە سەرم بەتاڵ بووە، چ شتێکی ترم بۆ نایەت. چ سووکایەتییەکی تر شک نابەم. کلەیر، من ئیدی تەواوێک پێمنەما.

سۆلانژ

بهێڵن با بچمە بانیژەکە. ئێمە دەبێ بۆ هەموو خەڵکی باس بکەین. من دەبێ سەرنجی خەڵکی ڕاکێشم کە بێنە بەر پەنجەرەکە.

*دەرگای بانیژەکە دەکاتەوە، بەڵام کلەیر بۆ دواوە ڕایدەکێشێتەوە ژوورەوە*

کلەیر

ئاخر دەرودراوسێ دەمانبینن!

سۆلانژ

*لە بانیژەکەدایە* هەر بەڕاستی لەخوام دەوێ. ئێرە خۆشە. با دنەم دەدا!

کلەیر

سۆلانژ! سۆلانژ! لێرە لەلام بمێنەوە، وەرەوە ژووری!

سۆلانژ

من ئێستا هاوئاستی خانمم. خانم خشەخشی خۆی هەبوو. دۆستەکانی و شیرفرۆشی خۆی هەبوو.

کلەیر

سۆلانژ ...

سۆلانژ

بێدەنگ! شیرفرۆشەکە، پەیکی بەیانیان! کاتژمێری نایاب! دۆستی ڕەنگپەڕیو و قۆز. بەڵام ئیتر تەواو. ئیتر ئاهەنگەکە دەستپێدەکا.

کلەیر

چی دەکەیت؟

سۆلانژ

*بە شکۆوە* من فیکەی کۆتایی ئەم داوەتە لێدەدەم. بکەوە سەرچۆک!

کلەیر

ئێستا ئیدی زۆر پێت لێهەڵبڕی!

سۆلانژ

بکەوە سەرچۆک! چونکە دەزانم چی چاوەڕێمانە!

کلەیر

دەمکوژیت؟

سۆلانژ

*لە کلەیر نزیک دەبێتەوە* هەر بەڕاستی لەخوام دەوێ. من هێندە نائومێدم کە هیچ شتێک ناتوانێ بەرم پێبگرێ. من لە دۆخێکدام کە بۆ هەموو شتێک ئامادەم. ئۆو، ئێمە مەحکومین!

کلەیر

بێدەنگبە.

سۆلانژ

ئێوە دەبوو تەواوبن بەرلەوەی چ شتێکی تاوانبارانە بکەن.

کلەیر

سۆلانژ!

سۆلانژ

نەجولێیت! ئێستا دەبێ خانم گوێم بۆ رادێرێ. ئێوە لێگەڕان بۆی دەرچێ. ئا، ئێوە! زۆر حەیف کە ناتوانم تەواوی ڕق و کینەمانی بۆ باسکەم! کە ناتوانم گەمە سووکایەتیئامێزەکانمانی بۆ باسکەم. تۆیش، تۆی هیچوپووچ و ترسنۆک، ڕێگەتدا بۆی دەرچێ. ئێستا سەرگەرمی پێکهەڵدانی شەمپانیایە! نەجولێیت! نەجولێیت! مەرگ نزیک و ئامادەیە و لەودیو ئەو پەسارەوە خۆی مەڵاس داوە!

کلەیر

بهێڵە با بچمە دەرەوە.

سۆلانژ

نەجولێیت. خانم ڕەنگە منیش لەگەڵ ئێوەدا، ساکارترین ڕێگە بۆ ئازادکردنی خوشکەکەم و ئەو ئازایەتییە بدۆزمەوە کە پێویستە بۆ خۆکوشتنم.

کلەیر

دەتەوێ چی بکەیت؟ ئەمە چییە ڕوودەدا؟

سۆلانژ

*فەرماندەرانە* کلەیر تکات لێدەکەم وەڵامم بدەوە، کلیەر تکایە.

کلەیر

سۆلانژ، ئێستا تەواو دەبین. لەوە زیاتر برستم نییە. لێمگەڕێ!

سۆلانژ

خوشکی ئازیزم، من بەتەنیا بەردەوام دەبم، بە تەنیا. نەجولێیت. خانم نەدەبوو بچووکترین دەرفەتی بۆ ڕاکردن پێبدرێت، خۆ تۆ

هەلێکی گونجاوت بەدەستەوە بوو. *بەرەو لای کلەیر دەڕوا* من ئەمجارەیان دەبێ کۆتایی بە تۆ بێنم ئەی ترسنۆکی نەگبەت.

کلەیر

سۆلانژ! سۆلانژ! یارمەتی!

سۆلانژ

دەی هاوارکەن! دەی خانم دوا قیژەتان بکەن! *پاڵ بە کلەیرەوە دەنێ کە لەسوچێکدا بە گرمۆڵەبوویی کەوتووە* دواجار ئیدی وا خانم مرد! لەسەر لینۆلیومی ئەزرەکە کەوتووە... بەدەستکێشی موبەق خنکێنراوە. خانم دەتوانێ هەستێ! ئێستا خانم دەتوانێ بە مادموازێل سۆلانژ بانگمکا. وایە. هەڵبەتە بەهۆی ئەو هەموو کارەوە کە کردوومن. خانم و میسیۆ دەبێ بە مادموازێل سۆلانژ لۆمرسیە بانگمکەن... خانم دەبوایە ئەو جلکە ڕەشەی داکەندایە، پێکەنیناوییە. *لاسایی دەنگی خانم دەکاتەوە* ناچاربووم پرسە بۆ کارەکەرەکەم دانێم. کاتێ لەوێ لای دەرکی گۆڕستانەکەوە ڕاوەستابووم، تەواوی خزمەتکارانی گەڕەک بەمارشەوە تێپەڕین و بە داخی ئەو خەمەوەی ئێمەوە بوون وەک ئەوەی خزممان بن. من هەمیشە وا خۆم نواندووە کە ئەو سەر بە خانەوادەکەیە. ئەو سوعبەتە دەبوو تا مردنیش لەگەڵی بووایە. ئۆو خانم ... ئێستا من لەگەڵ ئێوەدا بەرامبەرم و سەرم بەرزە... *پێدەکەنێ* نا جەنابی قۆمیسەر، نا ... نیازم نییە ئەو شتەتان بۆ بگێڕمەوە کە کردوومانە. هیچ شتێک لە نەخشە هاوبەشەکانمان! هیچ شتێک لەبارەی ئەوەوە کە چۆن کوشتنەکەمان ئەنجامدا ... جلەکان؟ ئا، خانم دەتوانن بۆ خۆیانی هەڵبگرن. من و خوشکەکەم جلکی خۆمان هەیە. ئەو جلکانەی کە شەوانە بەدزییەوە لەبەریان دەکەین. من ئێستا جلکی خۆم

هەیە و لەگەڵ ئێوەدا هاوچەشنم. جلکەکەی من ڕەنگی سووری تاوانە. میسیۆ، بە من پێدەکەنیت؟ زەردەخەنە دەتانگرێ؟ ڕەنگە وا بزانن من شێتم؟ هەڵبەت پێیوانییە کە دەبێ کارەکەرەکان هێند بێتام بن کە بەم ناوەدا بێن و بچن و لاسایی خانم بکەنەوە! بەڕاست دەمبوورێ؟ ئەو دەبێ خاوەن دڵ و دەروونێکی باش بێ. ڕەنگە بیەوێ بەشکۆوە لەگەڵمدا بکەوێتە پێشبڕکێ. ئەوسا باڵادەستانە دەیبەمەوە .... خانم دەبینێ کە من تەنیام! ئاخرییەکەی! ئێستا من تەنیام. و تۆقێنەر. من حەزمدەکرد بمتوانیایە دڵڕەق بوومایە، بەڵام دەتوانم میهرەبان بم... هەڵبەت خانم ترس دەدۆزێتەوە. بە دڵنیاییەوە دەیدۆزێتەوە. لەنێو گوڵەکانیدا، لەنێو عەتر و جلکەکانیدا. ئەو جلکە سپییەی کە ئێوە لە شەونشینیی ئۆپرادا دەیپۆشن. ئەو جلکە سپییەی کە من هەرگیز نەمهێشتووە بیپۆشێت. لەنێو خشڵ و دۆستەکانیدا. من تەنها خوشکەکەم هەیە. ئا، من دەتوانم لەبارەیەوە بدوێم. خانم من ئازایەتی ئەوەم هەیە. ئازایەتی هەموو شتێکم هەیە. ئەدی کێ، کێ دەتوانێ بێدەنگم بکات؟ کێ دەوێرێ پێمبڵێ: "کچە بچکۆلەکە"؟ من خزمەتم کردووە. ئەو جوڵانەوانەم کردوون کە کاتێ مرۆڤ کارەکەرە بێ، دەبێ بیانکات. زەردەخەنەم بۆ خانم کردووە و بۆ ڕێکخستنی جێگەی نووستن چەماومەتەوە، بۆ سڕینی ئەرزەکە، بۆ پەتاتە جنین، بۆ گوێ قوڵاخدانی ئەودیو دەرگا و تەماشاکردن لەکونی کلیلی دەرگاوە چەماومەتەوە. بەڵام ئیتر ئێستا پشتم ڕاستدەکەمەوە و ڕێک و پتەو ڕادەوەستم. من ژنێکی خنکێنەرم، مادموازێل سۆلانژم، ئەو کەسەم کە خوشکەکەی خۆی خنکاند! بێدەنگ بم؟ خانم بەڕاستیی هەستیارن! بەڵام من بەزەییم بەخانمدا دێتەوە!

بەزەییم پێیدا دێتەوە چونکە ئەوەندە ڕەنگ پەڕیوە، چونکە خاوەن پێستێکی ئەوەندە ئاوریشمینە، خاوەن دوو گوێچکەی ئەوەندە بچووک و مەچەکی ئەوەندە باریکە. من مەڕی ڕەش*م! بەو زووانەش حوکمی خۆم وەردەگرم. من ئێستا بە پۆلیسەوە ڕایەڵم. کلەیر؟ ئا، ئەو خانمی زۆر زۆر خۆشدەویست! ... نا، جەنابی قۆمیسەر، من نیازم نییە ئەوە لەبەردەمی ئەواندا ڕوون بکەمەوە. ئەوە تەنها پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە ... بەڵێ خوشکە بچکۆلەکەم، ئەمشەو شەوی خۆمانە! *جکەرەیەک دادەگیرسێنی و ناشییانە دەیکێشێت، دوکەڵەکەی دەیخاتە کۆکە* نە ئێوە و نەهیچ کەسێکی تر چ شتێک نازانن. جگە لەوەی کە سۆلانژ ئەمجارەیان تا کۆتایی دەڕوا. ئێوە دەبینن کە ئەو جلکی سووری پۆشیوە. ئەو ئێستا دەیەوێ بڕوا.

*سۆلانژ بەرەو لای دەرگای بانیژەکە دەچێ، دەیکاتەوە و دەچێتە بانیژەکە. هەوایەکی نەبزووت لە پەردەکان دەدا. پشت لەبینەران و ڕوو لە تاریکیی، دەکەوێتە شیعرخوانیی:*

دەچێتە دەرێ. بە پێپلیکانە گەورەکانا دێتە خوارەوە. پۆلیس لەگەڵیایەتی. وەرنە سەر بانیژەکە تا ببینن کاتێ بەنێو سارێژکەرە ڕەشپۆشەکانا دەڕوات. کات نیوەڕۆیە. مەشخەڵێکی هەڵایساوی بەدەستەوەیە. جەللاد ڕێک لە تەنیشتییەوە دەڕوا. قسەی عاشقانە بەگوێیدا دەچرپێنێ. جەللاد لەگەڵمدا دێت، کلەیر، جەللاد لەگەڵمدا دێت *پێدەکەنێ* تەواوی کارەکەرەکانی گەڕەک و تەواوی خزمەتچییان لە ڕێپێوانی بەخاک سپاردنەکەدان. کلەیر بەرەو دوامەنزڵ بەڕێ دەکەن. *تەماشای دەرەوە دەکا* تاجەگوڵینە و

---

* لە ئەورووپا ڕێکخراوێکی دژە ڕاسیستیی هەیە بەناوی مەڕی ڕەش. نازانم تا چەند ئاو بەکارهێنانەی ژینییە لەگەڵ ناوی ئەو ڕێکخراوەدا دێتەوە. یان ئاخۆ لەسەروەختی نووسینی ئەم تێکستەدا، ئەو ڕێکخراوە هەبووە! و.ک

گوڵ و ئاڵایان پێیە و مرۆڤ گوێی لە زەنگی ڕۆحە. چ خاک سپاردنێکی بەشکۆیە. بەڕاست جوانە؟ یەکەمجار سەرەک خزمەتکارەکان بەجلکی ڕەسمیی، بەبێ یەخەی ئاوریشمییەوە بەتاجەگوڵینەکانیانەوە دێن. پاشان خزمەتکارەکان بە پانتۆڵی کورت و گۆرەوی سپییەوە، بەتاجە گوڵینکەکانیانەوە دێن. پاشان کارەکەرەکان بە ڕەنگەکانی ئێمەوە دێن. ئەوجا دەرکەوان و دواییش نوێنەری ئاسمان دێن. من دەچمە سەری ئەوسەر. جەللاد ڕامدەژەنێ. خەڵکەکە کاتێ دەمبینن دەکەونە شادیی. من ڕەنگم پەڕیوە و دەبێ بمرم.

*دێتەوە ژووری* ئەم هەموو گوڵە! کلەیر، ئەرێ بەڕاست بەخاکسپاردنێکی جوانی بۆ کرا؟ *بەکوڵ دەداتە قوڵپی گریان و لەنێو تاک قەنەفەیەکدا ڕۆدەچێ، هەمدیس هەڵدەستێتەوە* خانم پێویست ناکا، من ئەوە دەکەم کە پۆلیس دەیڵێ. تەنها ئەوان تێمدەگەن. ئاخر ئەوانیش سەر بە دونیای دەرکراوانن. *کلەیر لای دەرگای موبەقەوە خۆی نوشتاندۆتەوە و گوێ لە خوشکەکەی ڕادەدێرێ. تەنها بینەران دەیبینن*

ئێستا ئێمە خاتوو سۆلانژ لومرسیەین. لومرسیەی ژن. لومرسیەی کچ. مادیموسێل لۆمرسیە. تاوانباری بەدناو *شەکەت* کلەیر .. ئێمە شکستمان هێنا.

کلەیر

*خەمین، بە دەنگی خانم* پەنجەرەکە داخەن و پەردەکان دابەنەوە! ئاوها.

سۆلانژ

کات درەنگە. هەمووان نوستوون. با تەواو بین.

کلەیر

*ئاماژەی بۆ دەکا بێدەنگبێ* کلەیر، چۆڕێک چای کەمۆمێلم بۆ تێکەن!

سۆلانژ

ئاخر ...

کلەیر

گوتم چای کەمۆمیڵەکەم.

سۆلانژ

خەریکین لەماندووییدا دەمرین. ئێمە دەبێ دەستهەڵگرین. *لەسەر تاک قەنەفەکە دادەنیشێ*

کلەیر

هەرگیز نا! ئێوە وا دەزانن هەروا ئاسان بۆی دەردەچن! زۆر ئاسانە لەگەڵ با دا پیلان بچنرێ و شەو بکرێتە شەریکە تاوان.

سۆلانژ

ئاخر ...

کلەیر

قسەم لەڕوودا مەکە. ئەوە منم کە بڕیار لەسەر ئەم دووایین دەقیقەیە دەدەم. سۆلانژ تۆ من لەخۆتدا دەپارێزیت.

سۆلانژ

نا! نا! تۆ شێتیت. ئێمە دەبێ بڕۆین! کلەیر زووکە. ناتوانین لێرە بمێنینەوە. ماڵەکە ژەهراویی بووە.

کلەیر

لێرە دەمێنیتەوە.

سۆلانژ

ئاخر کلەیر، مەگەر نابینیت چەند لاوازم؟ چەند ڕەنگم پەڕیوە؟

کلەیر

تۆ ترسنۆکیت. ئێستا ئەوە دەکەیت کە پێتدەڵێم. سۆلانژ ئێمە لەوەداین بگەینە جێ. ئێستا ئیدی هەموو ڕێگەکە دەبڕین. تۆ بەتەنها ژیانی هەردووکمان بژی. تۆ دەبێ بەهێز بیت. کەس مەزەندە ناکا کە من بە نهێنی لەگەڵتا دێم بۆ کۆڵۆنی سزا. کاتێ

حوکمەکەش دەدرێیت، ئەوە لەبیر مەکە کە من، هەستپێنەکراو، لە تۆدا دەژیم. ئێمە جوان و ئازاد و بەختەوەر دەبین، سۆلانژ نابێ تەنها یەک دەقیقەش بەهەدەر بدەین. دەی لە دوامەوە بیڵێرەوە ...

سۆلانژ

وا توند نا.

کلەیر

*ئامێردانە* خانم دەبێ چای کەمۆمیلەکەیان بخۆنەوە.

سۆلانژ

توند نا، دڵم نایبا.

کلەیر

*مەچەکی سۆلانژ دەگرێ* هەی بێتەربێت! لەدوامەوە بیڵێرەوە. خانم دەبێ چای کەمۆمیلەکەیان بخۆنەوە.

سۆلانژ

خانم دەبێ چای کەمۆمیلەکەیان بخۆنەوە.

کلەیر

چونکە دەبێ بنوون ...

سۆلانژ

چونکە دەبێ بنوون ...

کلەیر

منیش دەبێ بەئاگا بم.

سۆلانژ

منیش بەئاگا بم.

کلەیر

*لەسەر تەختەنوێنەکەی خانم ڕادەکشێ* ئەمە دووبارە دەکەمەوە. قسەکانم پێ مەبڕە. گوێت لێمە؟ بەقسەم دەکەیت؟ *سۆلانژ سەری قایل بوون دەلەقێنێ* دووبارەی دەکەمەوە! چای کەمۆمێلەکەم!

**سۆلانژ**

*دوودڵ* ئاخر ....

**کلەیر**

گوتم، چای کەمۆمێلەکەم.

**سۆلانژ**

بەڵام خانم ...

**کلەیر**

باشە. بەردەوامبە.

**سۆلانژ**

بەڵام خانم، ساردبۆتەوە.

**کلەیر**

قەیناکا دەیخۆمەوە. بۆم بێنە. *سۆلانژ سینی چاکەی بۆ دەبا* ئۆو، لەباشترین و بەنرخترین فنجاندا تێت کردووە ... *فنجانەکە هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە. لەوکاتەدا سۆلانژ ڕووی لەبینەرانە، تەواوێک بێ جووڵە وەستاوە و دەستی خاچئاسا داناوە وەک بڵێی کەلەپچەی کرابێتە دەست.*

**تاریکیی**

## پاشكۆ

Les Bonnes ( كارەكەرەكان / گەمەی پاكییزە ) بۆ یەكەمجار لە ساڵی 1947 لە دەرهێنانی Louis Jouvet لەسەر شانۆی Theatre de l Athenee نمایشكراوە. ژینێ ئەم ڕێنوێنییانەی بۆ ڤێرژینی تەواوێ پیەسەكە لە ساڵی 1954 دا نووسیوە ( ساڵی 1968 لە پێوەند بە لەچاپدانی كۆبەرهەمی ژینێ وە گۆڕانكاریی تێداكراوە ).

### <u>چۆن گەمەی پاكییزە نەمایش دەكرێت</u>

لەژێرەوە ڕوانین*. ئەوە یەكەمین شتە كە من گەرەكمە بەرجەستە بێت. دەبێ ئەو دوو كارەكەرە بە شێوەی لەژێرەوە ڕوانین، بنوێنرێن. نەک لەبەر پەنجەرە كراوەكە یان ئەو دیوارە باریكانەی كە دەنگیان لە ژووری نوستنەوە لێدەردەچێ یان لەبەر قسە بێشەرمانە و شپرزەی كارەكەرەكان. ئەوانە دەبێ بە لەژێرەوە ڕوانین بنوێنرێن لەبەرئەوەی دەربڕینێكی هێجگار قورس گوشار دەخاتە سەر نواندن و بینەر بە نەبزواویی جێدێڵێ. لەبەرئەوە ژنە ئەكتەرەكان دەبێ خۆیان سارد و بێدەربەست پیشان بدەن و دوودڵانە یان فشەڵ تەمسیل بكەن. ئەوان دەبێ سەریان لە ژێستەكانی خۆیان بسوڕمێ. هەندێ جار ئەوان دەبێ تاكێک یان هەر جووتە پێڵاوەكەیان دابكەنن و لەسەر نووكی پێ بڕۆن. بەڵام ئەوان دەبێ وریابن كە پێڵاوەكانیان بەر شتێک نەكەوێت كاتێ فڕێیان دەدەنە سەر مۆبلەیەک – نەک لەبەر دراوسێكان بەڵكو لەبەرئەوەی ئەو جۆرە ژێستە وریایانە

---

* لەڕاستیدا جگە لەو مانایە هیچ مانایەكی ترم بە كوردیی نەبینییەوە كە پڕاوپڕی وشەی förstulet ی سوێدیی بێت. مەبەست لەوە تەماشاكردنێكی دەستوبرد و نهێنیی و دزیی ئامێزانەیە. < خاطف > و.ک

لەگەڵ شێوازی قسەکردنیاندا دێتەوە. جاروبار تەنانەت دەنگیشیان دوودڵانە یاخۆ قڵیشبردوو دێتەگوێ.
کارەکەرەکان ژنگەلێکی هەزرە نین. لەماوەی ئیشکردنیاندا لای ئەو خانمە نازەنینە، ئەوان لاواز و پیر بوون. باشتر وایە جوان نەبن، بەڵام ئەگەر ئەو کاتەی کە پەردە دەکرێتەوە جوان بن، ئەوا دەبێ لەمیانەی نمایشەکەدا جوانتربن تا دوایین لەحزە. واتە مرۆڤ دەتوانێ، هەر لە سەرەتاوە تێبینی چرچولۆچیی جوان لەسەر ڕوخساریان بکات. ئەوان نە مەمکی وروژێنەریان هەیە و نە قوونی بەرز – ئەوان حەزیان دەکرد بیانتوانیبا لە کۆمەڵەیەکی مەسیحییدا خۆیان فێری خواپەرستیی کردبا. ڕووانینی ئەوان ڕوونە لەبەرئەوەی هەموو شەوێک دەسپەڕ دەکەن و لەبەرچاوێ یەکتردا دەریچەیەک بۆ ڕقی خۆیان بەرامبەر خانم دەکەنەوە. کاتێ کارەکەرەکان کەرەستەیەک لەسەر شانۆ دەجوڵێنن وەک کیژی گەنج دێنە بەرچاو کە گوڵ بچنن. ئەوان ڕەنگ پەڕیو و سەرنجڕاکێشن. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەوان ژاکاون، بەڵام جوانن! ئەوان دانەڕزیون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە کە ئەو داڕزیوییە وەدیار بخرێ، بەو ڕادەیە نا کە کاتێ ئەو تووڕەییەی خۆیان دەخۆنەوە کە لە گەواهیی ناسکییاندا هەیە.
کارەکەرەکان نابێ شەهوانیی بن یان هەوڵ بدەن لە ئەستێرەکانی سینەما بچن. ئەو ئیرۆتیکییەی هەر ئەکتەرێک، شانۆ گەمارۆ دەدا. لەبەرئەوە ئەوان دەبێ گرێکییەکان گوتەنی پێڕەوی ئەوە بکەن کە " ڕەگەزی خۆت مەخەرە سەر مێزەکە ".
من ناخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە کام بەش دەبێ تەمسیل بێ و کام بەشی تریش سروشتیی، ئەوە لەکاتی پرۆڤەدا ئاشکرادەبێ و خۆ گەر پێویستیش بکا ئەوا دەکرێ شتێکی لەو جۆرە ئیرتیجال بکرێ. ئەوەی پێوەندی بە بەشە " شاعیرییە " کانەوە هەیە، ئەوا گرنگە کە بە دڵنیایانە دەرببڕدرێن، وەک کاتێ کە شۆفێرێکی تەکسی پاریسیی لەسەر قاچێک ڕاوەستاو، زاراوەیەکی میتافۆریی فڕێدەدات. ئەوانە دەبێ وەک هاوکێشەگەلی ماتماتیکی گۆبکرێن، بەبێ چ گەرموگوڕییەکی تایبەتی. ئەوانە تەنانەت شتێک ساردتر لە ئەودوای تێکستەکە گۆدەکرێن.

نواندنەکە لەگەڵ یەکشێوەییدا نایەتەوە، بەڵکو لە هاوسەنگییەکدا لەنێوان بەشە جیاوازەکاندا، کە دەبێ بە تەرزێکی زۆر فرەڕەنگیی بنوێنرێن. ڕەنگە پێویست بێ لەسەر دەرهێنەر ئەوە بەرچاو بخا کە کاتێ پیەسەکەم نووسیوە هەستم بەچی کردووە و حیساب بۆ ئەو شتە بکا کە من نەمبووە – جۆرێک لە خۆشتەبعیی – لەبەرئەوەی ئەمە چیرۆکێکە.

خانم نابێ کاریکاتێرێک بێ. ئەو بەئاگا نییە لەوەیّ کە چۆن گێلێکە. ئەو بەئاگاش نییە لەوەی کە ڕۆڵێک دەبینێ، بەڵام ئەدی ئەوە چ ئەکتەرێکە؟ ئاخر ئەوانە تەنانەت لەکاتی قون سڕینیشدا ئاوها نیین.

ئەو ژنانە – کارەکەرەکان و خانم – لە خەت دەردەچن؟ ئەوان وەک من دەکەن، هەموو بەیانییەک کاتێ لەبەر ئاوێنەدا ڕادەوەستم و ڕیش دەتاشم، کاتێ وەئاگا شەوانە ڕادەکشێم یان بەتەنیا بە دارستانێکدا دەسووڕێمەوە، چیرۆکێک دەبیننەوە. واتە مەبەستی سەرەکی پیەسەکە جۆرێک لە چیرۆکی ڕەمزییە، کاتێک ئەمەم نووسی، قێزم لەخۆم دەهاتەوە لەمیانەیّ ئەوەوە کە حەقیقەتی خۆم ئاشکراکەم و مل بۆ ئاشکراکردنی نەدەم. مەبەستێکی تر خوڵقاندنی جۆرێک هەستی نارەحەتییە لە هۆڵەکەدا ... چیرۆکێک ... مرۆڤ دەبێ باوەڕی پێبکا و مل بۆ باوەڕپێکردنی نەدا، بەڵام بۆ ئەوەی کە بکرێت باوەڕیّ پێبکرێت ئەوا نابێ ژنە ئەکتەرەکان نواندنێکی واقیعییانە بکەن.

پاقیژە یان نا، کارەکەرەکان تۆقێنەرن، وەک هەموو ئێمە کاتێ خەون بە شتێکەوە دەبینین. من ناتوانم ئەوە ڕاڤە بکەم کە شانۆ چییە، بەڵام دەزانم کە نامەوێ ئەمە بکرێت:" ڕاڤەکردنێکی ڕۆژانەیی لە دەرەوە بینراوی ژێستەکان. من دەچم بۆ شانۆ تا وێنەیەکی خۆم لەسەر شانۆ ببینم ( بەرجەستەکراو لەکەسێک یان لەمیانەی چەند جیاوازی و فۆرمی چیرۆکەکەوە) وەک ئەوەی ناتوانم – یان ناوێرم – خۆم لە ژیانە واقیعییەکەدا ببینم، هەروەها وەک ئەوەی سەرەڕای هەموو شتێکیش دەزانم کە من هەم. ئەرکی ئەکتەرەکان ئەوەیە کە بجووڵێن و بەشێوەیەک نواندن بکەن کە بکرێ من خۆمی تێدا ببینم، ڕووت و تەنیا و بەختەوەر خۆمی تێدا ببینم.

له یەکێک لە نمایشەکانی ئەم پیەسەدا، ڕەخنەگرێک ئاماژەی بەوە کردووە کە کارەکەرانی ڕاستەقینە ئاوا وەک ئەوەی لە پیەسەکەی مندا هەیە گوزارشت لەخۆیان ناکەن. ئاخر ئێوە چی لەوە دەزانن؟ من پێچەوانەکەیم پێ ڕاستە، لەبەرئەوەی گەر من کارەکەر بام ئەوا وەک ئەوان دەدوام. لەبەرئەوەی کارەکەرەکان هەندێ شەو تەنها ئاوها دەدوێن. بۆ ئەوەی گوێت لێیان بێت ئەوا پێویستە لە تەنیاییدا بەسەریاندا بچیت، یان بەسەر ئەو کارەکەرەدا بچین کە لەناو هەر یەکێک لە خۆماندایە.
دەبێ شتێکی تریش زیادبکەم، ئەم پیەسە گوتارێکی بەرگریکردن لە خزمەتچییان نییە. من مەزەندە دەکەم کە ئەوان سەندیکای خۆیان هەبێ – بەڵام ئێمە حەقمان بەسەر ئەوەوە نییە.
دیمەنی سەر شانۆ ژووری نوستنێکی بۆرژوازییانەی ژنێکی عیشوەگەرە. گەر پیەسەکە لەفەرەنسا نمایش بکرێت ئەوا دەبێ تەختی نوستنەکە دۆشەکێکی ساکاری تێدا دانرێ – خانم گەرچی خزمەتچیی هەیە – بەڵام بەتەرزێکی بەنەزاکەتانە. گەر پیەسەکە لە ئیسپانیا، سکاندێناڤیا یان ڕووسیا نمایش بکرێت، دەکرێ ژووری نووستنەکە تایبەت بەرچاو بخرێت. هەڵبەت جلکەکانیش دەبێ زێدە ئاڵوواڵا نەبن و پێڕەوی هیچ جۆرە مۆد یان هیچ سەردەمێک ڕەنگ پێنەداتەوە. دەکرێت کارەکەرەکان نەوازشی جلکەکانی خانم بکەن لەمیانەی ئەوەوە کە لە ساتی نواندندا کلکی کراسەکان بە شریتی سەرقۆڵەکانیانەوە گرێ بدەن. گوڵەکان ڕاستین، هەروا تەختی نووستنەکەش. پێویستە دەرهێنەر تێبگا، چونکە خۆ من ناتوانم هەموو شتێک ڕاڤە بکەم، بۆچی ژوورەکە دەبێ هێندەی بکرێت کۆپییەکی تەواوی ژووری نووستنێکی ژنانە بێت، بۆچی گوڵەکان دەبێ ڕاستیی بن، بەڵام جلکەکان زێدەڕۆیی تێداکراو و نواندنەکەش شتێک ناسەقامگیر بێت.